لە بڵاوکراوەکانی (دەزگای ترۆپك بۆ چالاکی کەلتووری) ژمارە (1)

# چوار شانۆیی هاوچەرخ

شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە

خەونی ئێسکەکان

پرۆفیسەر تاران

هێلانەیەکی خەیاڵی

وەرگێڕانی : د. ئازاد حەمە شەریف

چاپی یەکەم
2012

**ناوی کتێب: چوار شانۆیی هاوچەرخ**

**دانەر: دیمیتری باساناس، وو. ب. ییێتس،**

**ئارسەر ئادامۆڤ ، سیدریك مۆنت**

**وەرگێڕانی : د . ئازاد حەمە شەریف**

**چاپی:یەکەم -2012**

**دیزاینی بەرگ : یەعقوب یوسف (ڕۆمان).**

**تیراژ : 500 دانە.**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ( 659 ) ی ساڵی 2012 ی پێدراوە.**

**چاپخانە: هێڤی**

**چاپی :یەکەم - 2012 .**

**لە بڵاوکراوەکانی (دەزگای ترۆپك بۆ چالاکی کەلتووری) ژمارە (1)**

© **مافی لەچاپدانەوە بۆ دانەر پارێزراوە**

**تێبینی**: **هیچ کەسێك یان تیپێکی شانۆیی بۆی نی یە بەبێ ڕێپێدانی نووسراو لە وەرگێڕەوە ئەم شانۆیی یانە دەربهێنێت.**

**پێڕستی شانۆییەکان** **لاپەڕە**

1- **شێتەکانی ئەم رۆژگارە** 5
2- **خەونی ئێسکەکان** 29
3- **پرۆفیسەر تاران** 53
4- **هێلانەیەکی خەیاڵی** 93

(1)

# شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە

## نووسەری یۆنانی هاوچەرخ: دیمیتری باساناس

تێبینی : ئەوەندەی من ئاگادار بم، ئەم شانۆیی یە تا ئێستا پتر لە (34) جار لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان خراوەتە سەر شانۆ. (د. ئازاد)

# شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە

کەسەکانی ئەم شانۆنامەیە

- پزیشك
- خانمێك
- ئەگسیلاوس فۆكاراس ( تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵێکە )
- شەش شێتی جۆراوجۆر.

**ڕووداوەکانی ئەم شانۆیی یە لە سەردانگەی پزیشکێك ڕوودەدەن**

# شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە

## کاتێك خانمەکە لە بەرامبەر پزیشکەکەدا دادەنیشێ

**پزیشك** : دەئێستا پێم بڵێ ئەو نیشانانە چین لە مێردەکەت دا دەردەکەوەن ؟

**خانم** : جەنابی دکتۆر ، بەرایی نیگەرانی و دڵتەنگی بە سەریدا دەبارن .

**پزیشك** : چی دیش ؟

**خانم** : لە ڕادەبەدەریش دەمارگرژە .

**پزیشك**: قەت دەست دەکاتە هاتوهاوار و جۆین دان و نفرین کردن ؟

**خانم** : بەردەوام وانی یە. بەڵام گەورەم زۆرجاران کە بە پەشۆکاوی و رەنگ هەڵبزڕکاوی دەگەڕێتەوە ماڵ، دەهانگژێتە گیانی خۆی و دەکەوێتە وڕێنە و جۆیندان و جار جاریش نەخۆشی دەیگرێت .

**پزیشك** : کەی وای بە سەردێت ، مەبەستم وایە کەی نەخۆشی یەکە دەیگرێت ؟

**خانم** : کە مووچەکەی وەردەگرێت .

**پزیشك** : مووچەکەی زۆرە ؟

**خانم** : گەورەم ، بەڕای جەنابتان دە بێ فەرمانبەرێك چەند وەربگرێت ؟

**پزیشك :** بەڵێ. هەمیشە بیر لەوە دەكا تەوە كەی موو چەی زێدە دەكرێت ... كەی پارەكەی دەدرێتی و چەندی لێ دەبڕدرێت.
بەڵام چەندی درەنگتر بدرێت ئەوە ندەی حاڵی خراپ دەبێت .

**پزیشك:** ئایا نفرین لە میری دەكات و جۆین بە لێپرسراوان دەدات؟

**خانم :** بە درێژایی رۆژ لە بەر خۆ یەوە قسان دە كات : هەر مەشپرسە شەوان چەند سەخڵەتە . زۆر جاریش لە نۆین دەردەپەرێ و وەك شێت بە سەرما دەشیرێنێ و دەڵێ :
ماریا دەمەوێت شالیار بخۆم . دەمەوێ هەڵی بلوشم .

**پزیشك :** ئەرێ تەنیا كۆڵی لەشالیارە ؟

**خانم :** هەمیشە ، بەڵام زۆر جارانیش هاواردەكات و دەڵێ دەمەوێ سەرەكی شالیاران بخۆم .

**پزیشك :** ئەوها. بلێ كۆڵی گەیشتۆتە سەرەكی شالیارانیش!

خانم (بە پەسندكردن و ترسەوە گرێشمەی بۆ دەكات)

**پزیشك :** راستگۆبە و مەترسە. (خانمەكە روو بۆ لای ڕاست و چەپ وەردەگێرێ و بە گوێ ی پزیشك دا دەچرپێنی و پزیشك زراوی دەچێت) بلێ حالێ بەو رادەیە گەیشتوە و زات دەكاتە گیانی ئەویش ؟

**خانم :** بەڵێ گەورەم ئەو لە سەر خواردنی پاشایش سوورە .

**پزیشك** (دەترسێ و نیشانەی بۆ دەكات كە زراو چون دە نۆێنێ و خانمیش بێ دەنگ دەكات) : مێردەكەت چ كارەیە ؟

**خانم :** پارەگۆڕی گەنجینەیە .

**پزیشك :** بلێ ، کەواتە پارەگۆڕە !

**خانم :** گەورەم ، ئەرێ ئەوە دیاردەیەکی ناهەموارە ؟

**پزیشك :** بەڵێ ، بێ گومان . ئەوەی پتر مەینەتی ئەو قورس دەکات ئەوە یە ئەو هەموو رۆژێ ملیۆ نەها جونە یە بە ناو پەنجەکانیا دەخزن و تاقێکیان چی یە ناچێتە گیرفانی یەوە .

**خانم :** تەنانەت پارەی جگەرەش ...

**پزیشك :** ئەرێ خانمەکەم، چ نیشانەیەکی دیاری دی نی یە کە بە شێوەیەکی تایبەتی سەرنجت رابکێشی ؟

**خانم :** نیـ شانە زۆرن گەورەم . زۆر جاران دە لێ دە چمە باژێرو پاشانیش دەگەڕێتەوەو دەڵێ ی لە خەودا دەڕوات ...
دەستم بۆ درێژ دەکات و دەڵێت: "ماریا، ها ئەم مریـشکەم لێ وەربگرە."

**پزیشك :** جا ئەوە چی تیایە ؟

**خانم :** گەورەم ئەو وا دەڵێت کە چی عەشتەبای لە دەستا نی یە.
هاواردەکات: "ماریا ئەو چرگەم لێ وەرگرە، بەڵام هەمیشە هیچی پێ نی یە ... ماریا، بگرە ئەو ماسی یە باربۆنە ... بگرە ئەو قەلەموونە ... بگرە ئەو پارچە گۆشتە .

**پزیشك :** هیچیشی لەوانە پێ نی یە ، وانی یە ؟

**خانم :** قەت هیچێك گەورەم .

**پزیشك :** ئەدی کاتێك ئەو دەستت بۆ رادەگرێت تۆ چی دەکەیت؟

**خانم :** دە تەویٚ چی بـکەم . وا دە نویٚنم شتەکانی لیٚ وەردە گرم . چونکە ئەگەر وەری نەگرم یەگجار تووڕەدەبیٚت و هاواردەکات و دە لیٚ بارم گرا نە و ئەو شتانە ما ندوویان کردووم . خۆ دەمی نیوەڕۆ کارە کە لە ڕادە نامیذ یٚت کە دادەنیـشیٚتە سەر سفرە و لیٚم دەپر سیٚت : مار یا ما سی یە باربۆ نەکانت بۆ سوورکردمەوە ؟ پارچە گۆشتە کەت بۆ کوڵاندم؟

منیش وەڵامی دەدەمەوە :

" بەڵیٚ ما سی یە باربۆنە کەم بۆ سوور کردوویە تەوەو گۆشتەکەشتم بۆ کوڵاندوویت."

پاشان وا دەنۆینیٚ کە ئەو شتانە دەخوات . ئینجا پەرداخیٚك سۆدە داوادەکات . بەڵیٚ پەردا خە سۆدەیەك تا ئەما نەی پیٚ هەرس بکات .

**پزیشك :** ئۆ .. ئۆ.. ئۆه ..

**خانم :** دکتۆر، حاڵەکەی ترسناکە ، وا نی یە ؟

**پزیـشك :** یەگجاریش ... بەڵام بیٚجـگە لەم رەفتارا نە ... ئا یا ئەو مرۆڤیٚکی دڵنەرم و پاکە ؟

**خانم :** بەڵیٚ . بەڵیٚ، وەك مەڕی خوا وایە ، گەورەم .

**پزیشك :** هەستیارو هەست ناسکیش ؟

**خانم :** تا ئەوپەڕەکەی ...

**پزیشك :** تا ئەوپەڕەکەی ؟... درۆ دەکات ؟

**خانم :** هەرگیز ...

**پزیشك :** دزی دەكات ؟

**خانم :** هەرگیز ...

**پزیشك :** دەست لە بازرگانی وەردەدات ...

هەرگیز... شتێكی فرۆشتوە ؟

**خانم :** خووی بە فرۆشتنەوە گرتووە ، گەورەم .

**پزیشك :** رێك پێم بڵێ چی دەفرۆشێ ؟

**خانم :** كەل و پەلی ناوماڵ ..

**پزیشك :** ئی ... ئی .... تێگەشتم .

**خانم :** ئاخۆ ئەمە بارێكی ترسناكە گەورەم ؟

**پزیشك :** یەگجار ترسناك ...

**خانم :** نەخۆشی یەكەی چی یە ؟

**پزیشك :** كێشەی لە ڕادەبەدەر بە شەرەفی .

**خانم :** گەورەم من بەردەوام ئامۆژگاریم دەكردو پێم دە گوت : دزی بكە چاوەكەم ، ئەدی ئەتو پارەگۆڕی گەنجینە نیت. تۆش سایلی خەڵكی دی دزی بكە، بقا چێنەوە . زۆر لە گەورە پیاوانی دونیا شت دەقاچێننەوەو ژیانێكی خۆش رادەبوێرن . ئەوەی لە خراپترین باردا توشت بێ تەنها دوو یا سێ ساڵ لە زیندان بەسەر دە بەیت و پا شان دیێتە دەرەوەو دەبیتە دەوڵەمەندێكی مەزن .

**پزیشك :** ئەو چۆنی وەڵام دەدایتەوە ؟

**خانم** : لێم تووڕە دەبوو شاڵاوی بۆ دەهێنام و دەیەویست لەت و کوتم بکات ... جا هەر بۆیەش هێنامە لات. گەورەم ، لە پێشەکی دا سوپاست دەکەم و ئەگەر بتوانی چاکی بکەیتەوە ، ئەوە تا ماوم منەتبارت دەبم و چاکەت پڕ دەکەمەوە ، گەورەم .

**پزیشك** : زۆر باشە ... زۆر باشە ....

**خانم** (دەستی دەگرێت) : چاکەت دەدەمەوە .

**پزیشك** : تێ گەیشتم ... تێ گەیشتم ....

**خانم** : چونکە من دەزانم چۆن چاکە دەدەمەوە ... خوا حافیز ... دکتۆر گیان .

**پزیشك** : ئەوەی راستی بێت، تۆش پێویستت بە چارەسەری هەیە....
(خانمە کە دەچێتە دەرەوەو پاش دەمێك ئەگسیلاو سی مێردی دێتە ژوورێ کە پیاوێکی رەنگ زەردی لاوازە ، چاویلکەیەکی کۆن و جلی پەڕپووتی لە بەرە . مۆرکی دوودڵی و ترسی پێیەوە دیارەو بە ترس و لەرزەوە چاو گێڕ دەدات و بەکاوەخۆ چەند هەنگاوێك لە دکتۆر دێتە پێش و بە تەماشایەکی پڕ لە پەریشانی یەوە لە دکتۆر ورد دەبێتەوەو بەنەرمی سڵاوی لێ دەکات وەك بڵێی دڵەڕاوکێ و شپرزەیی بە سەریدا رژابن .)

**ئەگسیلاوس** : ڕ... ڕ... ڕ... رۆژ باش .

**پزیشك** : فەرموو ... فەرموو .

**ئەگسیلاوس** (بە ترسەوە دەکشێتەوە)

**پزیشك** : مەترسە ... وەرە پێشەوە .

**ئەگسیلاوس** : بۆ لێت نزیك بکەومەوە ؟

**پزیشك** : لێم دەترسیت ؟ خۆ من مرۆڤخۆر نیم .

**ئەگسیلاوس** : بە خوا سەیرە ... لە مەت دا لە خەڵکی دی تەریکیت.

**پزیشك** : دانیشە ، مەترسە.

**ئەگسیلاوس** : سوپاس .

**پزیشك** : دانیشە ، دانیشە (ئەگسیلاوس دەیەوێ دانیشێ) ناوت چی یە ؟

**ئەگسیلاوس** : ئەگسیلاوس .

**پزیشك** : ئەدی باوکت ؟

**ئەگسیلاوس** : فۆکاراس . ئایا من شێتم ، دکتۆر گیان ؟

**پزیشك** : نەخێر ، هێشتا ماوتە شێت بیت .

**ئەگسیلاوس** : ئایا شێت دەبم ، دکتۆر گیان ؟

**پزیشك** : نازانم . ئایا شێتی زۆر خەریکت دەکات ؟

**ئەگسیلاوس** : بەڵێ ، مادام خەڵك گەیشتوونەتە ئەو رادە یە . ئەم رۆژا نە خەڵکی لە خۆهەڵقورتا ندا گەیشتونەتە رادە یەکی بەرباد . گەورەم ، زۆر جار لە خۆم دەپر سم: ئە گەر من شێت بم ، هەموو ئەوانەی دەوروبەرم ژ یرن . بەڵام ئە گەر من ژیربم ، بێ گومان هەموویان شێتن .

**پزیشك** : جگەرە دەکێشیت ؟

**ئەگسیلاوس** (بە ئاهێکەوە) : وازم لە جگەرە هێناوە ؟

**پزیشك :** دەخۆیتەوە ؟

**ئەگسیلاوس :** وازم لەویش هێناوە .

**پزیشك :** فنجانێك قاوە دەخۆیتەوە ؟

**ئەگسیلاوس** (بە ئاهێکەوە) : تەنانەت ، وازم لە قاوەش هێناوە.

**پزیشك :** پەیوەندی سێکسیت هەیە ؟

**ئەگسیلاوس:** سالانیکە رووم لە ئافرەت وەرگێراوە .. تەنانەت ناچمە لای خێزانەکەشم .

پزیشك : دە چیتە شانۆ ؟ یا دە چیتە شوێنی گ شتی بۆ ئا سوودە کردنی دەروونت ؟

**ئەگسیلاوس :** شوێنی گ شتی (بیردەکا تەوە) ، بەڵێ زۆر جار دە چمە بەردەم دوکانی گۆشت فرۆشان و کەلەشی شۆڕبۆوە دەبینم و هەروەها دەچمە شوێنی ما سی فرۆ شان و گەلێ جار ئەو قسە نە ستەقەم بە بیر دێ تەوە : ((دەی چاوەکانم ما سی بخۆن ، بەڵام دە ورگەکەم تۆ بە خورینی بمێ نەوە .)) خۆ دوکانی گۆشت فرۆشان جێگا هەرە گونجاوەکە یە بۆ من . بەڵام کاتێ لەبەردەم جۆرە کانی گۆ شت دەوە ستم دەکەو مە پچك و پلاران و دەلێم : ئەم چەشنە چەوری زۆرە. کە چی ئەوی دیکە یەگجار لەڕە ...

**پزیشك :** بە خۆت پێویستیەکانت لە بازاڕ دەکڕیت ؟

**ئەگسیلاوس :** لەبەر ئەوەی ئەو moo چەیەی لە میری وەری دە گرم یارمەتیم نادات بە ڕاستی شت بکرِم ، مـنیش بە خەیاڵ دە یانکرِم . دەپرسم: نرخی ما سی باربۆن چەندە ، پێم دەڵێن هۆقەیەکی بە چل دەراخمەیە . بە خەیاڵ دەیکرِم و بە خەیاڵ دە یخۆم. خۆ دەر بارەی خوارد نە بەتا مەکانی دیکەش هەر ئاوا دە کەم و بە (( خەیاڵ)) تێر دە خۆم . دکتۆر گیان، تو خوا ئەمە چارێکی باش نی یە ؟

**پزیشك :** بێ گومان ، بێ گومان .

**ئەگسیلاوس :** دەتوانم بڵێم ئەوە چارێکی یەگجار نایابە .

**پزیشك :** تۆ لەمە دڵنیای ؟

**ئەگسیلاوس :** تەواو دڵنیام . ئا بەم چە شنە  هەر چەندەش ئە مە لە چاکەی میرییەکەمانەوە یە  گەدەم بەردەوام سوکە و هەرگیز توو شی ئازاری گرفتی هەرس کردن نابم و خۆ باڵاشم هەمیشە باریکەڵە و قشتە . واتە تەندروستیم تەواو چاکە .

**پزیشك :** ئێستا پێم بڵێ ، ئەرێ هەمووجار ئاوا بە خەیاڵ دەخۆیت؟ ئایا هەندێ جار ددانت لە خۆراکی راستەقینە ناخشێ ؟

**ئەگسیلاوس :** چۆن ، بێ گومان .

**پزیشك :** دەمەوێ بزانم چی دەخۆیت ؟

**ئەگسیلاوس :** بە ڕاستی  نیسك دەخۆم .

**پزیشك :** زۆر ؟

**ئەگسیلاوس :** هەفتەی شەش جار و جاری هەفتەم دەچمە سەر فاسۆلیا .

**پزیشك :** فاسۆلیای بەڕۆن ؟

**ئەگسیلاوس :** کەمێك رۆنی تیایە چەند تنۆکێك و بەس .

**پزیشك :** دواجار کەی بوو ((گۆشتت)) خوارد ؟

**ئەگسیلاوس :** رووداوی وا دێرینم چۆن بە بیردێتەوە ؟

**پزیشك :** دەنا گومان لەوەدا نی یە کێشت دا بەزیووە . نازانیت چەندێکی دابەزیووە ؟

**ئەگسیلاوس :** وازم لە خۆ کێشان هێناوە . بەڵام ئەوەی بزانم قورساییم نەماوە .

**پزیشك :** خێزانەکەت پێ ی گوتم شەوان تۆ زۆر جار لە ناو نۆین نەخۆشیت لێ دێت .

**ئەگسیلاوس :** چما نەخۆشی لە من دەبڕێتەوە ، گەورەم، من رادەچەنم هەرکە نرخی خواردەمەنیم بە بیردێتەوە .

**پزیشك :** ئەرێ خەون دەبینیت ؟

**ئەگسیلاوس :** بەڵێ ، زۆرجاران خەو بە مریشکەوە دەبینم . هەندێ جاری نایابیش گۆشتی برژاوم دێتە خەو . بەڵام هەمیشە خەو بەوە دەبینم کە شالیاران دەخۆم و هەڵیان دەلووشم . ( بە ئەشکەنجەوە) دکتۆرگیان، لەوانە یە من توو شی نەخۆشی مێشك تێکچوون هاتبم.

**پزیشك :** دەق وایە . بەڵێ ، ئەمە نەخۆشی یەکەی تۆ یە . بەڵام بە هەرحاڵ نەخۆشیەکەت هێشتا دە توانرێ چارە سەر بکرێت بە پێ چەوانەی زۆر بەی ئەو نەخۆ شانەی چارکردنیان ستەمە .

**ئەگسیلاوس :** ئاخۆ لە منیش خراپتر هەن ؟

**پزیشك :** بێ گو مان : ئەو چەرخەی ئێمە تیای دەژ ین چەرخی شتی تەریك و ئازار و ئەشکەنجەیە . هەربۆیە شە چەندین چەشن نەخۆ شی مێشك و شێتێتی لە گەڵ خۆی هێناوە . لەو شێتخانەیەی منیش دا هەندێ شێتی ئەم رۆژگارە هەن . هەنوو کە یەکێکیان دەردە کەوێت کە ئێستا کاتی هاتنە دەرەوەیا نە بۆ ئا سوودەکردنی دڵ و دەروونیان . ئا ئەوە یەکێکیانە . (بەرەو دەستەراست نیشانە دەکات)

**ئەگسیلاوس :** ئەوە کێ یە ؟

**پزیشك :** لێ ی وردبەرەوەو دەیناسیت .

(لە لای دەستە راست شێتی یەکەم دێتە ژوورەوە. قژی تێك ئا ڵاوەو چاوی دەرپۆقیوە . هەر کە دەردە کەوێت بە ئۆینبازی لە سەرخۆ خۆی دەنو شتێنێتەوە. بەرەو لای را ست و چەپ ئاوڕ دەدا تەوە . چەند جارێك هەڵدەپەڕێت ، پاشان بەرەو پێشەوە خۆ هە ڵدەکوتێ و دەحەپێت وەك بڵێ ی شەیتان سواری کۆڵی بووە .)

**شێتی(1) :** سامان ... سامان . چۆن سامان کۆ بکەیـ نەوە . سامانێکی گەورە ، سامانێکی مەزن . پارە ، پارە ، سامانێکی مەزن . پارە ، پارە . سامانێکی مەزن .

**ئەگسیلاوس :** ئەو کابرایە چی یەتی ؟

**پزیشك :** شێتێتی ئیشی گرتووە .

(شێتەکە بەیەك باز دێتە پێش ئەگسیلاوس و دەڕوانێتە دورِ چاوی و لێ ی دەپرسێ .)

**شێتی (1) :** چۆن سامان کۆ بکەینەوە ، دەپێم بڵێ چۆن سامان کۆ دەکەیتەوە، سامانێکی زۆر و زەبەند .

**ئەگسیلاوس :** (بەترسەوە خۆی لە ناو کورسیەکەی کرمۆڵە دەکات ، بە دوو چاوی پڕ ترس و نیـ گەرانی تەما شای دە کات) : جەنابت لە من دەپرسی ؟

**شێتی (1) :** هەموویان بوو نە خاوەن سامان هەر من نەبێ. من سامانم کۆنەدەکردەوە. ئەرێ تۆش هیچێکت کۆنە کردەوە؟

**ئەگسیلاوس :** هەموو شتێکم فرۆشت، تەنانەت پێڵاوەکانیشم .

**شێتی (1)** (تەماشای ئەگسیلاوس دەکات و بە پێکەنینێکی بە تـیز پێ دەکەنێت . دەستی بەشێوەیەکی وا بۆ در ێژ دە کات کە ریسوایی بنوێنێ : پاشان دوور لە ئەگسیلاوس باز دەدات و دەست بە هاواری پێشتر دەکاتەوە) : سامان . سامان . چۆن سامان کۆ بکەیـ نەوە ، سامانێکی مەزن . چۆن سامان کۆ بکەیـ نەوە . ( ئەم واژا نە دەڵێـ تەوەو بۆ دـ ێرەو ئەوێ باز

دەدات و پا شان دە چێتە سەر شانۆو دەڕوات. چاوی ئەگ سیلاوس بەو دەرگا یەوە دەنو سێ کە شێتەکەی پ ێدا دەرچوو ، ئینجا خەمێکی ئەستوور بە سەریدا دەبارێت.)

**ئەگسیلاوس** (پاش دەمێك بێ دەنگی ئاوڕ لە دکتۆر دەداتەوە) : ئای لەو پیاوە کلۆلە . خۆ زۆر لە منیش خراپترە .

**پزیشك** : لە رادەبەدەر تامەزرۆیی سامان مێ شکی زۆر کە سانی تـ ێك داوە. ئا ئەوە نەخۆشێکی دیکەیە کە لە جۆرێکی دی یە.

(ئەگ سیلاوس بەرەو لای چەپ ئاوڕ دەدا تەوەو بەواق وڕ ماوی تەما شای شێتی دووەم دە کات کە بە هەنگاوی لە سەرخۆ دێ تە ژوورو ئەو شەش جولانەوە یە بە ر ێك و پێ کی دە کات : بەرەو پێ شەوە خۆی دەنو شێنێتەوە وەك وابێ کەسێك ببینێ و بە منگەمنگ بە لێو لێ ی دەپرسێ و پا شان رووی گرژ دەب ێت وەك ب ڵێ ی وە ڵامێکی تـر سناکی درابێ تەوە . تەنا نەت دڵ تەنگی و واق وڕ ماوی خۆی بە شێوەیەکی پتر کاریگەر دەردەبڕێ بەوەی دەستەکانی بەرەو سەری بەرز دەکا تەوەو دە ڵێ) : بم پارێزێ . بماذ پارێزێ . بمانپارێزە .

(ئەم گوزارەیە دووجار یان سێ جار بە دەم رێگاوە بەرەو رووی ئەگسیلاوس دەڵێتەوە) ( بە نەرمی بۆ پزی شکەکە) : دەپێم بڵێ، ئەدی ئەوە کێ یە ؟

**پزیشك :** توو شی کەم موو چەیی و زراو چوون لە بەرزبوو نەوەی شێتانەی نرخی کەلوپەل بووە .

**ئەگسیلاوس :** چی دەکات و نیشانەی نەخۆشی یەکەی چی یە ؟

**پزیشك :** بەردەوام پر سیاری لە نر خی خواردە مەنی و پێویستی جۆراو جۆر دە کرد . جا کە سەرلەبەر پر سیاری دە کرد و توانای کڕینی نەبوو، حالی بەو حالە گەیشت .

**شێتی(2)** (پاش کپی، دەست دەکا تەوە دوان و لە گەڵ قسە کردن دا ئەو بزووتنەوە بێ دەنگانەی پێشتر تەواو دەکات):

گۆشت بە چەندە ؟ ( بە واق وڕ مان و زراو چوونەوە) خوا بماند پارێزێ . بماند پارێزە خوا یە. نر خی پێ ڵاو چەندە؟ بمانپارێزێ ، خوا بمانپارێزێ (هەر جار ێك ئەو گوزارە یەی دوایی دوو بارە دەکا تەوە کە بەرەولای چەپ دەڕوات و بە دەنگێکی لەوەی پێشتر دەیلێتەوە تا کار بەوە دەگات بە کزو کوێری پر چی خۆی دەڕنێ تەوە) خوا یە بماند پارێزی ، بمانپارێزی ، بمانپارێزی .....

**ئەگسیلاوس** (پاش بەینێك بێ دەنگی و خەم دایگرتووە) : ئەو پیاوە خۆمم بە بیر دێنێتەوە .

**پزیشك :** لەو بڕوایەی .

**ئەگسیلاوس :** دکتۆر گیان، بەرزبوونەوەی شێتانەی نرخی کەلو پەل شتێکی تر سناکە. کارە کە تەنها بەرزبوو نەوەی نر خی شتومەك نی یە و بەس . هەموو شتێك کە نر خی بەرز

دەبێتەوە دووره دە ستیش دەبێت . هەر ئەوەیشە مێشکی ئێمەی کلۆڵی تێك داوه .

**پزیشك :** نەك تەنیا بەرزبوو نەوەی شێتانەی نرخی شتومەك مێشکی خەڵکی تێك داوەو بەس ، زۆر هۆی دیکەش هەن کە لەو رۆژانە مێشکی خەڵکی تێك دەدەن . هەر ئێستا نموونەیەکی لەم چەشنەت دێنمە پێش چاو .

تەماشای ئەو پیاوه بکە . (نیشانە دەکات) .

( شێتی سێ یەم لە لای دەستەراست دێتە ژوور. پیاوێکی بەژن درێژی باریکەڵەیە. بە هەنگاوی نەرم دێتە پێش و بەرپێ ی خۆی دەڕوانێت و بە خەیاڵ گوڵێك لێ دەکاتەوه و پەڕەکانی یەکەیە کە هەڵدەوەرێنی . بە دەستەکەی دی گوڵێکی دی لێ دەکا تەوەو پەڕەکانی ئەویش بە خەیاڵ هەڵدەوەرێنێ و بە دەنگێکی ئاوازدار دەڵێت):

هەڵدەگیرسێت ، هەڵناگیرسێ، هەڵدەگیرسێت ، هەڵناگیرسێ، هەڵدەگیرسێت ، هەڵناگیرسێ .

**ئەگسیلاوس :** ئەم کابرایە چ دەڵێ ؟ ئەوە چی یە هەڵدەگیرسێ و هەڵناگیرسێ ؟

**پزیشك :** جەنگ .

**ئەگسیلاوس :** جەنگ . ئایا ئەو گوڵەی دەستی پێ ی دەڵێت کە جەنگ هەڵدەگیرسێ یان نەء .

**پزیشك :** ئەدی پێم نەگوتی ئەو شێتە و هەر ئەم گیرو گرفتەش مێشكی تێك داوەو بەردەوام نیگەرا نە بەوەی ئا یا جەنگی جیهانی هەڵدەگیرسێ . جا لە بێ ڕادە یی ئەو نیگەرانیەش مێشكی تێكچووە .

**شێتی (3):** ڕوودەدات ، روو نادات . ڕوودەدات ، روو نادات . هەڵدەگیر سێ ، هەڵناگیر سێ ( خەمێكی قورس بە سەریدا دەبارێ) هەڵدەگیرسێ .

**ئەگسیلاوس** (بۆ شێتەكە) : هەڵناگیرسێ .

**شێتێ (4):** ئەدی ئەگەر هەلگیرسا .

**ئەگسیلاوس :** قەیدی چی یە . با رووبدات .

**شێتی(4) :** ئەگەر رووی نەدا ؟

**ئەگسیلاوس :** ئەوە چاكتریشە . لێ گەڕێ با ڕوونەدات .

**شێتی (4):** بەڵام ئەگەر لە گەڵ ئەوەشا رووی دا .

**ئەگسیلاوس :** ئەوەی روودەدات با رووبدات .

**شێتی (4):** ئەگەر رووی دا ؟

**ئەگسیلاوس :** ئەوە چی یە روودەدات ؟

**پزیشك :** مەبەستی جەنگ و بۆمبای ئەتۆمی یە .

**ئەگسیلاوس :** دەبا رووبدات . ئەمە گیروگرفتی خۆتە .

**شێتی (5):** ئەمانۆیل زەكەریا جۆرجیادیس . (خۆ دە چەمێنێتەوەو بۆ لایەكی دی بادەداتەوە) ئەمانۆیل زە كەریا جۆرج یادیس (خۆ دەچەمێنێتەوەو چەند شاقاوێك بەرەوپێش دەچێت و

جارێکی د یش خۆ دە چەمێنێتەوە) ئەمانۆیل زە کەریا جۆرجیادیس ...

**ئەگسیلاوس** (بۆ پزیشك) ئەدی جەنابی دکتۆر ئەو کابرایە چ دەڵێ؟

**پزیشك** : ناوی خۆیت پێ دەڵێ .

**ئەگسیلاوس** : لە بەرچی ؟

**پزیشك** : لە ئەنجامی زۆر پرسیارکردن لە ناوی لە ڕۆژا نی جەنگی جیهانی تووشی ئەو دەردە بووە. هەر لە پاسگەی پۆلیس و نوو سینگەی دڵن یاکردن و نوا ندن و دەرهێ نانی پ سوولە و ئازووخە و هەڵ ژمێری و هی دی و هی دی ....

**شێتی**(5): ئەمانۆیل زەکەریا جۆرجیادیس (دەگاتە لای ئەگ سیلاوس و لە بەردەمی خۆی دە چەمێنێتەوە) ئەمانۆیل زە کەریا جۆرجیادیس ...

**ئەگ سیلاوس** (هەڵدە ستێتەوە سەر پێ و ئەویش خۆی بۆ دەچەمێنێتەوە): منیش ئەگسیلاوس کوڕی فۆکاراسم ....

**شێتی**(5) : بە یارمەتیت، ناسنامەکەتم بدەرێ.

**ئەگسیلاوس** : لام نی یە .

**شێتی (5)**: سبەی وەرەوە ، دوو سبەی وەرەوە . نا ... نا سێ رۆژی دی وەرەوە . ( خۆ دە چەمێنێتەوە) ئەمانۆیل زە کەریا جۆرجیادیس . ئەمانۆیل زە کەریا جۆرج یادیس ئەمانۆیل ... زەکەریا ... جۆرج یادیس . ( خۆ دە چەمێنێتەوە و پێ دەکەنێت و ئا بەم شێوەیە دەڕوات .)

**ئەگسیلاوس :** ئای بەسەزمانێکە!

(لە لای ڕاستەوە شێتی شە شەم دێ تە ژوورەوە کە پیاوێکە نائومێدی و دڵتەنگی سواری کۆڵی بووەو ئەم بزوتنەوا نە بە شێوەیەکی ئامێرئاسا دە کات ... دە ست دەخا تە گیر فانی را ستەی چاکەتەکەی و پارەی خەیاڵی دەردە کات و بۆ کەسێکی خەیاڵی بەردەمی دەژمێرێ. پاشان دەستی دەخاتە گیرفانی لای چەپ و بە هەمان شێوە رەفتار دە کات . پا شان دەستی دەپەستێتە بەرکی شەرواڵی و یەك پا شی ئەوی دی ، ئینجا بەرکی ناوەوەی چاکەتەکەی دەکژۆڵێ تەوەو وادە نوێنێ کە وە ڵامی یەکێك دەدا تەوەو هەرجارێکیش دەستی لە گیرفان دەربێنێ دەڵێ)

**شێتی(6) :** فەرموو جەنابی باج وەر گر ... بگرە گەورەم . ( پێ ی دەدات ) . فەرموو جەنابی باج وەر گر .... فەرموو ( پێ ی دەدات). فەرموو جەنابی باج وەر گر، ب گرە ... فەرموو جەنابی باج وەرگر ... فەرموو ...

**پزیشك :** ئەویش توو شی دەردە باج بووە ... لە بەر زۆری ئەو باجا نەی دەدرێ نە میری مێ شکی تێکچووە. باجی جۆر بە جۆرو بێ سنوورو رۆژ لەدوای رۆژ بەو چە شنە ریسوایی یەوە لێ ی دە سەنن . هەر کە لە باجێك رز گاری دەب ێت یەکیك دی دەکەوێتە سەر. ئا ئاوا ئەو دەردەی تووش بووە.

**شێتی( 6)** (شێتەکە سەر تەختەی شانۆ دەکوتێتەوەو هەمان قسە دەڵێتەوەو دەنگیشی پتر کۆڵدارو تووندتر دەبێت تا دەگاتە لای چەپەی شانۆ و وروژانە کەی دەگا تە ئەو پەڕ و قەرەوێتە کەی دادە کەنێت ...): ها فەرموو جەنابی باج وەرگر ئەوە قەرەوێتەکەم (ئینجا چاکەتەکەی دادە کەنێ و هاوارده کات) فەرموو جەنابی باج وەر گر ئەوەش چاکەتەکەم . (پا شان قایشەکەی دەکا تەوەو دە ست بە داکەلا ندنی شەرواڵەکەی دە کات) فەرموو جەنابی باج وەرگر ئەوا من بۆ تۆ لە بەری دەکەمەوە . با بەڕووتی بە ناو خەڵکی دا برۆم، جەنابی باج وەرگر . (پزیشك بە غار پێ دەگات و نایەڵێ وا بکات.)

**پزیشك (بۆ شێتەکە)** : ئای ... ئای بوەستە ... دەی دەی بڕۆ. ( بۆ دەرەوە پاڵە سووی دەدات.) (دوای ئەوەی نەخۆشەکە تڕۆ دە کات، دێتە وەلای ئەگسیلاوس) ئا ئێستا ئەم شتانەت چۆن دێنە بەرچاو.

**ئەگسیلاوس :** یەگجار ترسناك ... یەگجار ترسناك ... ترسناك .

**پزیشك :** دە تەوێ وەك ئەوا نەت لێ بێت . دە تەوێت ببیتە یەکێك لەمانە ؟

**ئەگسیلاوس** (ترس دایدەگرێ) : نەخێر دکتۆر گیان ، تکات لێ دەکەم رزگارم بکە ... دەر بازم بکە ... هەست نا کەم من ساغم . وام هاتە خەیاڵ منیش هەموو ئەو نیشانانەم هەن. لە رەگ

و ریشەی ئەم دەردەمێشکی یانە گ شتیان ....(ئێ ستا لا سایی هەموو شێتەکان یەك لە دوای یەك دەکاتەوە).

**پزیـ شك :** چاکە ، تـ کات لێ دە کەم ئێ ستا هێوربـ بەوە . ئێ ستا دە بێ دەست بە چارەسەری بکەین .

**ئەگسیلاوس :** چ فەرمان دەدەیت ، گەورەم . ئایا چارەسەریەکە چۆن دەبێت ؟

**پزیشك :** لەو شێتخانەم دا بە رێگای تایـ بەتی خۆم چارت دە کەم و پەیرەوی هەموو ئەو ر ێڕەوە تایبەتیا نە دە کەیت کە بۆت دادەنێم . با باسی هەموو ئەوانەی مێشکیان تێکچووە بۆ تۆ بـ کەم . دەزا نی بۆ وا یان لێ هاتووە ؟ چونکی هەموویان هە ست نا سك و بەو یێژدان و زۆر بەئابڕووبوون . هەر لەبەرئەوەشە کۆمەڵگەی سەرمایەداری بە باجە قورسەکانی ژ یانی دارڕزا ندوون . جا بۆ یە پێویـ ستە تۆش چارەیەکی مـ سۆگەر وەربگر یت ... چارە سەریەکی سەرکەوتووانە ... پێویـ ستە خۆت وا چیڕ بـ کەیت تا بێ هە ست و و یێژدان مردوو و رەقەکار و سوورتك و بێ شەرم بیت ....

**ئەگسیلاوس :** چۆن دەتوانم وابم ؟

**پزیشك :** بەر لە هەموو شتێك دە بێ رێـ بازی بیرکرد نەوەی خۆت بگۆڕ یت ... پێویـ ستە مێ شکی خۆت بە مێ شکێکی دی بگۆڕیتەوە کە زێتر هاوچەرخانە بێت ... هەر ئێستا دە ست بە چارە سەری دە کەم ... پێویـ ستە ئەوەی لە سەرت

دەسەپێنم بەرهەڵستی نەکەیت ... دە ئێستا لە دوام بڵێوە .... بڕوخێ فاسولیا ...

**ئەگسیلاوس** : بڕوخێ فاسولیا .

**پزیشك** : بڕوخێ پاقلەی شین .

**ئەگسیلاوس** : بڕوخێ پاقلەی شین .

**پزیشك** : بڕوخێ شەرم .

**ئەگسیلاوس** (بە لەرزەوە) : ئای، چی .... ؟

**پزیشك** : شەرم .. شەرم .

**ئەگسیلاوس** (بە ترس و دوو دڵی) : بڕوخێ ...

**پزیشك** : ئەوەی دەیڵێم بیڵێوە . سوێند بە خوا دەخۆم کە ئەو چارەسەریەی دکتۆر بۆم باس دەکات بەوپەڕی رێك و پێکی بە جێ دەگە یەنم . بخۆم و بخۆ مەوەو هیچ گوێ بەو شتانەی دەوروبەرم نەدەم .

**ئەگسیلاوس** : هیچ گۆی پێ نادەم .

**پزیشك** : دونیا بخەمە ژێر پێم .

**ئەگسیلاوس** : بخەمە ژێر پێم .

**پزیشك** : سوێند بە خوا دەخۆم کە درۆزن و دز و قۆڵبڕ ببم .

**ئەگسیلاوس** : سوێند بە خوا دەخۆم کە ...

**پزیشك** : درۆزن بم .

**ئەگسیلاوس** : درۆزن بم .

**پزیشك** (بە تێ خوڕینەوە) : درۆزن بم .

**ئەگسیلاوس** (لێکی دەدا تەوەو بە زە حمەت ئەوە پە سند دە کات): درۆزن بم .

**پەردە دادەدرێتەوە**

(2)

# خەونی ئێسکەکان

## نووسینی : وو. ب. ییتس

تێبینی : ئەم شانۆییە لەم کتێبەوە وەرگێڕاوە:

**Dr. Mohammed Baqir Twaij, Dr. Mousa Alsoudani, Dr. Stephanie Burckhart (eds.) One-Act Plays (Baghdad: University of Baghdad Press, 1986)**

ناوونیشانی شانۆییەکە ئەمەیە:

**W. B. Yeats, "The Dreaming of the Bones".**

## لەبارەی (خەونی ئێسکەکان)ەوە:

(ویلیام بەتلەر ییێتس)ی نووسەری ئەم شانۆیی یە لە ساڵی (1865) لە شاری (دەبلن) لە ئێرلەندا لە دایك بووە. ئەو شاعیر و رەخنەگر و شانۆنامەنووسێکی ناسراوی ئێرلەندی یە و ئەوەی لەدەستی هات بۆ دامەزراندنی (کۆمەڵەی ئەدەبی ئێرلەندی) لە هەردوو شاری لەندەن و دەبلن لە پێناوی‌یدا رەنجی بۆ کێشا. لە ساڵی (1899) بەیارمەتی (لێدی گریگۆری) ژنە چالاکوانی ئێرلەندی و (ئێدوارد مارتن) یەکەم نمایشی شانۆیی خۆی خستە سەر شانۆی ئەدەبی ئێرلەندی کە پاشتر ئەو شانۆیە لە ساڵی (1904) بە (شانۆی ئەبێ ی ) ناسرا.

(ییێتس) گەلێ شانۆنامەی نووسیووە لەمانە : (کاونتێس کاسلین) (1892) ، (خاکی دڵخواز) (1894) ، (ئاوە تارماویەکان) (1900) ، (دیردرا) (1907) و (خەونی ئێسکەکان) کە یەکێکە لەو چوار شانۆییانەی بۆ سەماکارەکانی نووسیووە. (ییێتس) بە ئەنقەست کاتی ڕوودانی شانۆییەکەی کردۆتە ساڵی (1916) کە ڕێکەوتی سەرهەڵدانی راپەڕینە مەزنەکەی گەلی ئێرلەندایە لەدژی ئینگلیزە داگیرکارەکان، ئەگینا رووداوی راستەقینەی ئەم شانۆییە باس لە بابەتێکی سەدان ساڵ لەمەوبەر دەکات لە مێژووی ئێرلەندا.

(خەونی ئێسکەکان) شانۆنامەیەکی شیعری یە کە دەرکەوتنی تارمایی و

رۆحەکان لە جێگایەکی چۆڵدا دەکاتە بابەتێکی درامی سەرنجڕاکێش. لێرەدا سەربازێکی گەنج هەیە کە تارمایی (دیارمیود) و (دێرڤۆرگیلا) دەبینێت کە یەگجار تامەزرۆی پێك گەیشتنەوەن و بە دەرد و ئازاری لێکدووری دەتلێنەوە چونکە ئەوان تاوانیان کردبوو بەوەی یارمەتی (نۆرمەندی) یەکانیان دابوو وڵاتەکەیان داگیر بکەن. ئەوان لە سەربازە گەنجەکە دەپاڕێنەوە لێیان ببووریێت و لەم مەینەتی و چەرمەسەرییە رزگاریان بکات ، بەڵام سەربازەکە رازی نابێت لەو تاوانەیان ببووریێت ئەگەرچی ئەو تاوانە زۆر لەمێژیشە روویداوە. بۆیە شانۆییەکە بە سەماکردنێکی توندی خۆشەویستی دانەمرکاوی ئەوان بەکۆتا دێت.

# خەونی ئێسکەکان

## کەسەکانی ئەم شانۆیی یە

- سێ مۆسیقار (دەموچاویان بە ماکیاج وایلێکراوە وەکو دەمامکی لێبێت).
- کوڕێکی گەنج
- بێگانەیەك ( دەمامکێکی پۆشیووە)
- کیژێکی گەنج

# خەونی ئێسکەکان

سەرتەختەی شانۆ هەر شوێنێکی چۆل و رووتە لەناو ژوورێکی نزیك بە دیوارێك. شاشەیەك کە نەخشێکی چیا و ئاسمانی لەسەرە ، دەتوانرێت لە دیوارەکە قایم بکرێت ، یان پەردەیەك بێت کە هەمان نەخشی لەسەر بێت و بەدیوارەکە دابدرێت ، بەڵام دەبێت نەخشەکە تەنیا هێمایی بێت یان شتێك دەربخات. مۆسیقاژەنێك دێتەناوەوە و پاشتر دووانی دیکەش دێن، یەکەمیان بەپێوە گۆرانی دەچڕێت ، وەك لەشانۆییەکانی تردا وابووە ، لەکاتێکدا ئەوانی تر جێگەی خۆیان دەگرن. ئینجا هەرسێکیان لەپاڵ دیوارەکەوە لەتەنیشت ئامێرە مۆسیقاییەکانیان کە پێشتر لەوێ بووە دادەنیشن؛ کە دەهۆڵ و چەنگ و شمشاڵە. یان ئەوان پارچە قوماشێك هەڵدەدەنەوە وەکو لە شانۆیی (لەلای بیری هەلۆکان) وا کراوە، کاتێك ئامێرە مۆسیقیەکان دەبرێنە ژوورەوە.

(گۆرانی بۆ هەڵدانەوە و دادانەوەی قوماشەکە)

**مۆسیقاری یەکەم** (یان هەرسێکیان پێکەوە گۆرانی دەچڕن).

ئەرێ بۆچی دڵم وا کەوتۆتە لێدان؟

ئەرێ تارماییەکە رەت نەبوو؟

تەنیا تاوێك لەمەوبەر بێرەیدا گوزەران.
دەبێ کێ بێت بەسەر گیاکە تێپەڕبوو؟
چ بەرەڵایەك بەم شەوە کەوتۆتە گەڕان ؟
ئەدی نەیانگووتووە نووسەرە کۆنەکان:
لە ئێسکە وشکەکانی مردووانەوە خەونە گێژەکان
هەڵدەقووڵێن و پەیدان؟
جا واپێدەچێت زۆر شەوان
پڕ دەبن هەموو دۆڵەکان
لە خەونی سەیرو سەمەران.
ئەوان تەنانەت دەڕژێنە سەرگردەکان.
هێندە سۆزاوی یە تارمایی
دەڵێ ی شەڕابی پڕە تا دەرك و لێوان
لەجامێکی سەوزی بۆرکەڵەی کەسکە پڕکرابێ،
یاخود جامێکی ئاقیقی یە ڕەنگی ئەوان.
(سێ مۆسیقارەکە ئێستا لەلای دەهۆڵ و شمشاڵ و چنگەکە لە بنەبانی تەختەی شانۆ دانیشتوون. یەکەم مۆسیقار دەدوێت.)
کاتژمێری پێش گزنگە و مانگ داپۆشراوە،
گوندە بچووکەکەی (ئابێ) داپۆشراوە،
ڕێگا تەسکەکە پێداگوزەرکراوەکە، ئەوەکەی لە
ڕێ ی سپی یەوە بەرەو کلێسای (کۆرکۆمرۆ) دەڕوات

داپۆشراوە، هەموو گردەکانی ئەو دەوروبەرەش
وەکو بازنەیەکی ئاقیق یان بەردە کەسکەن.
لەشوێنێکی ناو گاشەبەردان لەوێ کە گیایەکە تەنکە
باڵندەکان دەگرین ، بۆ تەنیایی خۆیان دەگرین.
لێرە رەنگە تەنانەت خۆریش تەنیا بێت ،
خۆ مانگی گەرمیش تەنیایە. من گوێم لە دەنگی پێ یە
کوڕێکی گەنج کە فانۆسێکی لەدەستە بەرەو ئێرە دێت.
بە ماسیگرێکی ناوچەی (ئاران) دەچێت،
چونکە پەستەك و پێڵاوی چەرمەگای لەبەرە.
ئەو بە ماندووییەوە ساتمە دەکات ، بەدەم ساتمەشەوە نزا دەکات.
(کوڕێکی گەنج دێتە ناوەوە ، بە ئێرلەندی نزا دەکات)
جارێکی دیش باڵندەکان بۆ تەنیایی خۆیان دەگرین،
بەڵام ئێستا لەسەر سەرمان دەسوڕێنەوە : ئێستا
ئەوان کەوتنە سەر بەردە خۆڵەمێشیەکەی باکووری خۆرهەڵات.
(بێگانەیەك و کیژێکی گەنج، جلی سەردەمی کۆنیان لەبەرە،
دێنە ژوورەوە. ئەوان دەمامکی پاڵەوانانەیان پۆشیووە.)

**کوڕە گەنجەکە** (فانۆسەکەی بەرز دەکاتەوە): کێ لەوێ یە؟
من نابینم ئێوە چۆن چۆنین.
وەرنە بەر روناکی.

**بێگانەکە**: بەڵام تۆ چیت هەیە لێ ی بترسیت؟

**کوڕە گەنجەکە**: ئەرێ تۆ بۆچی بەخشکە بەناو تاریکیەکەدا هاتوویت؟

(کیژەکە فانۆسەکە دەکوژێنێتەوە.)

ڕەشەبا فانۆسەکەمی کوژاندەوە. تۆ لە کوێیت؟

من بەرەو ڕووی ئاسمان دوو سەرکم بینی

ئەوان دواتر لێم بزر بوون، بەڵام تۆ ڕاست دەکەیت ،

نابێت من لە ناوچەی (کلێر) بترسم ،

هەرچی دەبێت ، یان نەبێت ، من هیچ چارەیەکم نی یە،

دەبێت من خۆم بخەمە بەردەستی تۆ ،

کاتێك کە مۆمەکەم کوژاوەتەوە.

**بێگانەکە:** تۆ لە (دەبلن) شەڕت کردووە؟

**کوڕە گەنجەکە:** من لە پۆستەخانە بووم ، ئەگەر بمگرن

لەبەردەم دیوارێکم ڕادەگرن و گوللەبارانم دەکەن.

**بێگانەکە:** تۆ هیچ پەناگەیەك پێدەزانیت، هیچ پلانێکت هەیە

یان هیچ برادەرێکت هەیە بێت چاوی پێت بکەوێت؟

**کوڕە گەنجەکە:** دەبێت لەگەڵ خۆر دەرکەوتن

من لەسەر چیا پاڵبدەمەوە یان ئێشك بگرم

تاوەکو ڤایغێکی ناوچەی (ئاران)

لە (موکانیش) ەوە یان لە کەنارە بەردینەکەوە

لە خوارەوەی (فینڤارا)وە دەگاتە ئێرە.بەڵام ئەگەر بەتەنیا

کاتی تاریکی بچمە ئەوێ، ملی خۆم دەشکێنم.

**بێگانەکە:** ئێمە هەموو ئەو ڕێچکانە شارەزاین کە مەڕەکان پێیدا دەڕۆن،

هەروەها هەموو پەناو حەشارگەکانی ناو گردەکانیش ،

جاران ئەوان حەشارگەی باشتری خۆشاردنەوەیان هەبوو.

**کوڕە گەنجەکە:** دەتەوێت بڵێیت ئەوسا باشتر بوو بەرلەوەی چەتە ئینگلیزەکان

درەختەکان ببڕنەوە یان ئاگریان تێبەردەن

لەترسی ئەوەی نەوەکا خاوەنەکانیان لەوێ خۆیان پەنا بدەن.

ئەو دەنگە چی یە؟

**بێگانەکە:** پیرەئەسپێکی وێڵە ڕێگای ونکردووە.

بەدرێژایی شەو ڕێگاکانی تەیکردووە.

**کوڕە گەنجەکە:** من ئەوەم بە مرۆڤ و بە ئەسپ زانی .

پۆلیس دەرچوونەتە سەر ڕێگاکان. لە دوایین ڕاپەڕیندا

وابزانم هیچ پیاوێکی ئێمە ڕقی لەوە نەبوو جگە لەوەی گوللە

لەو سەربازانە بگرێت کە ئەرکی خۆیان بەجێدەگەیاند

گەرچیش ئەوان لە ڕەگەزی ئێمە نەبوون، بەڵام کە مرۆڤ

لە ئێرلەندا لەدایك دەبێت و لە تۆرەمەی ئێرلەندیانە و

کاتێك ئەوان بەشداری لەدژایەتیکردنی ئێمە دەکەن 

**بێگانەکە:** من تۆ بەسەلامەتی دەپارێزم ،

هیچ کەسێکی زیندوو چاوی بە تۆ ناکەوێت ،

من وەڵامی مردووش نادەمەوە.

**کوڕە گەنجەکە:** مردوو؟

**بێگانەکە:** چەندین ڕۆژ لە ساتی پێش خۆرهەڵاتندا ،

لەسەر ئەو بەردانەی دەبێت تۆ لەسەریان پاڵکەویت

تارمایی سەردانی ئەوێی کردووە.

**کوڕە گەنجەکە:** بەڵام من نیوەشەوێ لەدایك نەبوویمە.

**بێگانەکە:** زۆر مرۆڤ لەوانەی کە بە رۆژی تەواو لەدایك بووین

دەتوانن بەروونی بیان بینن، لەسەر شاڕێیەکاندا بەلایاندا تێدەپەڕن،

یان لەناو بازاڕە قەوغاکانی شار.

هەرگیز ناشزانن کە بەلایاندا تێپەڕیوون.

**کوڕە گەنجەکە:** داپیرەم دەڵێت:

ئەوان حەزیان لێ یە پەژیوانی خۆیان لە هەموو جێگایەك دەربخەن،

هەندێك لەوان دیسان لەژیانی جاراندا دەژییێنەوە.

**بێگانەکە:** لەخەوندا،

هەندێکیان لەبەر ئازاری وێژدان دەبێت بەنووکێکەوە

لەسەر چڵەپۆپەی لەرزیووی درەختە بەرزەکانەوە هەڵبواسرێن ،

هەندێکیان ئاگر قووتیان بدات ، هەندێکیان لەدەرەوە

بەتەزرە و شڵێوەی باکووری زستاناوی رەق و وشك ببنەوە.

هەندێکیشیان دیسان ژیانی جارانیان بژییێنەوە.

**کوڕە گەنجەکە:** باشە ، لێیان بگەڕێ چۆن حەزدەکەن وا خەون ببینن و

چیا وێرانەکان پڕ بکەن لە دەنگەدەنگی نەبینراوی

وێژدانی سەیرو سەمەرە. من هیچ ترسم نی یە:

ئەوان ناتوانن من بخەنە زیندانەوە یاخود بمکوژن:

هەروا دەبینم خوێنی ئەوان گەڕاوەتەوە ناو ئەو کێڵگانەی

سوور هەڵگەڕاون بەوەی خوێنی کەسانی وەکو منیان خواردۆتەوە ،

ئەگەر توانای خەیانەت کردنیشیان هەبێت ئەوان واناکەن.

**بێگانەکە:** ئەم ڕێچکەیە

بەرەو کلێسای وێرانی (کۆرکۆمرۆ) دەڕوات :

لە کلێسایەکە ڕەت بین، زوو دەگەینە ناو بەردان

دەگەینە کەپکەکە بەرلەوەی کەلەشێری

(ئۆغانیش) یان (بێلیڤێلهان)

یان بۆرە(ئۆغتمانا) باڵەکانیان لێك بدەن و بقوقێنن.

(ئەوان جارێك بەدەوری شانۆکەدا دەسوڕێنەوە)

**مۆسیقاری یەکەم** (قسە دەکات): ئەوان لە بیرە تەنکاوەکە و

تاشەبەردە پانەکە ، کە بە دەمی

گیانەوەری ئاوخۆرەوە پیسکراوە تێپەڕین ، ڕێچکە تەسکەکە

کە شینگێڕەکان بۆ ماوەی پێنج سەدە (نۆبلّ) یان

هەلگرت یان جوتیارەکان ناشتیان.

کوندەبەبۆیەك لەسەر سەریان دەقرێنێت.

(گۆرانی دەڵێت)

دڵ بۆچی هەڵبگرێت هێندە ترسان ؟

چی یە وای لێدەکات وا لێبدات؟

شیرینی یە تاڵەکەی شەوان

وایکردووە هەست بە تەنیایی خۆی بکات.

باڵندە سوورەکەی مانگی ئازار، بقوقێنە!

ملت هەڵکێشە و باڵت لێك بدە،

ئەی کەڵەشێری سوور ، بقوقێنە!

(ئەوان جارێك بەدەوری شانۆكەدا دەسوڕێنەوە.
مۆسیقاری یەكەم قسە دەكات.)
ئێستا ئەوان بە كێلگە گیاياوی یە درێژەكەدا سەركەوتن
لە دەوەنە گێوژە نارێكەكە و كەلێنەكەی جارانی
پەرژینەكە رەتبوون : كوندەبەبۆی هێلانە لە گۆڕ
لەئاستی پێیەك بەرزیدا باڵە نادیارەكانی لێك دەدات.
(گۆرانی دەڵێت)
سەرم لەناو هەورێكدایە:
من دەسبەرداری هەموو چالاكیەكە دەبم :
دڵە خوێرپیلەكەم بەخۆیەوە دەنازێت
بەبیری دێتەوە و بەبیری دێتەوە.
باڵندە سوورەكەی مانگی ئازار، بقوقێنە!
ملت هەڵكێشە و باڵت لێك بدە،
ئەی كەڵەشێری سوور ، بقوقێنە!
(ئەوان جارێك بەدەوری شانۆكەدا دەسوڕێنەوە.
مۆسیقاری یەكەم قسە دەكات.)
ئەوان وا لەناو بەردەكانی سەر خۆڵەمێشەكەن،
لەسەر دەوەنی شیلانە و گێوژ و تەنكەگیایەكەدان،
لەناو ئەو سێبەرەی زۆر لەژێرەوەی ئەوانەوە بوو
باڵندە سەرك پشیلانیەكە دەقرێنێت.
(گۆرانی دەڵێت)

ئێسکە خەونبینەکان هاوار دەکەن
چونکە شەوبا هەڵدەکات
ئاسمانیش پەڵەیەکە لەهەور.
ماڵوێرانی دەتوانێت کاریگەری هەبێت.
باڵندە سوورەکەی مانگی ئازار، بقوقێنە!
ملت هەڵکێشە و باڵت لێك بدە،
ئەی کەڵەشێری سوور ، بقوقێنە!

**بێگانەکە:** ئێمە نزیکەی لەسەر ترۆپکەکەین و دەتوانین پشووێك بدەین.
ڕێگایەکە لێرەدا کەمێك تاریکایی یە ، لەوێ
کلێسایەکە کەوتۆتە نێوان گۆڕە شکاوەکانیەوە.
ڕۆژانی جاران بووایە دەبوو گوێمان لە زەنگ ببوایە
کە بانگی پیاوچاکانی دەکرد بەر لە خۆرهەڵاتن بێنە نوێژ:
جا کە خۆریش لەسەر کەڵەکانەوە هەڵهات،
قوقەی کەڵەشێر دەبیسترێت.

**کوڕە گەنجەکە:** ئەرێ هیچ خانەیەکی
بەناوبانگ لەبەر پیرۆزی یان جوانیە تەلارسازیەکەی
لە ناوچەی (کلێر) و (کێری) و (کۆناخت) نی یە
کە دوژمن ساپیتەکەی هەڵنەتەکاندبێت؟

**بێگانەکە:** لەنزیك قوربانگەکەوە
کە ڕەشەبا و شەختە تێکی شکاندووە و ڕۆژگار خاپووری کردووە
گۆڕی (دوناو ئۆبرێن) هەیە کە ناوەکەی بەلاتینی نووسراوە.

ئەو جلی جوانی دەپۆشی و نهێنی ئافرەتانی دەزانی،
بەڵام ئەو لەدژی شای (سۆمۆند) یاخی بوو و
بەگەنجی مرد.

**کوڕە گەنجەکە:** ئەرێ بۆچی ئەو دەبوایە یاخی ببێت؟
شای (سۆمۆند) سەرداری راستەقینەی ئەو بوو.
کەسانی وەکو (دۆناو) ئێرلەندایان لاواز کرد؛
نەفرەتی من لەو هەموو ئەو لەشکرە بدات ،
ئەگەر بەدەستەخۆم بێت کە دەمرم ، من لاشەی خۆم
دوور لەو کۆشکە عاجینەی و کوندەبەبۆکەکەی ئەو جێدەهێلم.
ئەوانەی ئەوێ ، ئەگەر چیرۆکەکەی تۆ راست بێت،
دەبێت لە گۆڕستانی کلێسای (ئەبێ) وە بێنە سەر ترۆپکی
ئەو چیایەی من خۆم لێ شاردۆتەوە و داوای پەژیوانی بکەن؟

**کیژە گەنجەکە:** ئەوان ئەو دەرفەتەیان نی یە،
بەڵام زێتر تەنیان، ئەوانەی لەوێدا نێژراون
لەگەرمەی خوێن جۆشانیاندا شەڕیان کرد: ئەگەر یاخی بووبن
چەند ترپەیەکی ساتی وایلێکردوون یاخی بن،
یان فەرمانی هەندێك گەندەشا
کە رقی لە (سۆمۆند) دەبۆوە. چونکە ئەوان گوناهباری ئاسایین،
هیچ کەسێکی بێگانە لەودیوو دەریاوە داوای لێنەکردوون وابکەن،
ئەوان و دوژمنانی دەستەی (سۆمۆند) لە شەڕێکی خەوناوی کورتدا
لەسەر ئێسکەکانیان تێکەڵ بەیەك دەبنەوە،

یان تەکانێك دەدەن، یان دەکەونە دۆستایەتی ،
یان لە گورژمی خوول و سوورڕێکی ئاسمانیدا
ئەوان ناوەکانی خۆیان لەبیر دەکەن. تەنیا ئەمانە ،
بەرنەفرەت دەدرێن.

**کوڕە گەنجەکە:** بەڵام ئەگەر ئەوەی پێدەچێت راست بێت و
زۆرتر لەلایەکەی ترەوە هەبن
لەوەی کە لەم لایەی مردنەوە هەبن، پێویستە زۆر تارمایی
رووبەروو چاویان پێیان بکەوێت و قسەکەیان بگەیەننە
تەنانەت سەر ئەم گردە بۆرە چۆل و هۆلە.

**کیژە گەنجەکە:**تا ئەم کاتژمێرە هیچ تارماییەك یان مرۆڤێکی زیندوو
قسەیان نەکردووە ، ئەگەرچی حەوت سەدەش بەسەرچووە
لەوەتەی ئەوان لە ژیان و چاوی خەڵکی بێزار بوون،
ئێسکەکانیان لە شوێنێکی لەبیرکراودا فڕێ دا،
چونکە ئەوان بەرنەفرەت کەوتبوون.

**کوڕە گەنجەکە:** من بیستوومە کەوا ئەو رۆحانەی
گوناهی بەربادیان کردووە،
دوای مردن وێنەیەکی دڕنجانە وەردەگرن
تاکو راوی زیندووان بنێن، ئەگەر چاویان بە روخساریان بکەوێت،
شێت دەبن ، دەبنە مایەی تۆقینی مردووانیش.

**کیژە گەنجەکە:** بەڵام ئەوانە
نازدارن تەنانەت کە لەناوەراستی تەمەنیانەوەن و

ئێستا کە مردوون ، ئەوان وێنەی یەکەم ساتی
گەنجێتیان هەڵدەگرن ، چونکە ئەوان لەو گەنجی یە بوو
کە گوناهەکانیان دەستی پێکرد.

**کوڕە گەنجەکە:** من بیستوومە تارمایی تورە
بەتەنیاییەکی بەئەنقەست دەسوڕێنەوە.

**کیژە گەنجەکە:** ئەوان جگە لە ئەوین بیرلە چیتر ناکەنەوە،
هیچ خۆشیەکیشیان نییە جگە لەوەی پەشیمانیەکەیان
یەکسەرە دەگاتە بەرزترین رادە ،
جا کە دوو دڵ دەگەنە رادەی ئەوەی
لە شکان نزیك ببنەوە ، ئەگەر دڵی تارماییەکان بشکێت ،
کە چاوی بە چاوی دولبەرەکەی دەکەوێت ، هیچ ئازارێك
ئەوەندە ناخۆش نی یە کە دوو نیگا پێك دەگەن،
لەو ساتەی نەفرەتبار بیت.

**کوڕە گەنجەکە:** بەڵام ئەو پەشیمانی یە سەیرە چی یە -
کە ئەو ساتەی نیگاکان پێك دەگەن ئەوان
یەگجار ئازار دەدات؟

**کیژە گەنجەکە:** هەرچەندە چاوەکانیان پێك دەگەن،
لێوەکانیان هەرگیز پێك ناگەن.

**کوڕە گەنجەکە:** کەچی پێش دەچێت ئەوان بەتەك یەکەوە بگەڕێن،
بەڵام بێگومان تۆ دەتەوێت بڵێیت کاتێك لێوەکان پێکتر دەگەن و
هیچ دەمارێکی زیندوویان تیا نی یە ، ئەوە پێك گەیین نی یە.

**کیژە گەنجەکە:** ئەگەرچی ئەوان هیچ خوێن ، یان دەماری زیندوو یان نی یە ،

که جاران گەرم رادەکشا و شەوە درێژەکان

لەباوەشی یەکتری دەژیان ، کاری خۆشیان لە ژیان دەزانی ،

ئێستاش بوونەتە کەسانی ناو خەونەکان ،

بوونەتە بەشێکی خەون ، ئەگەرچی ئەوان تەنیا سێبەرن ،

بەسەر دارگێوژ و گاشەبەردێك دا دەسوڕێنەوە ،

که شەویان لەسەر شەوە باڵدارەکانی تر کەڵەکە کردووە،

ئەگەرچی هیچ سێبەرێك بەهیچ جۆرێك

کەسی بێزار نەکردووە و نەفەوتاندووە

حەز دەکات ماڵوێرانی خۆی بەهی ئەوان بگۆڕێتەوە،

شێوازی ژیانیان پیرۆز دەبوو ئەگەر لێوەکانیان توانیبایان

تاوێك پێکتر بگەن، بەڵام کاتێ ئەو سەری دەچەمێنێتەوە

بۆ لای سەری ئەو ، یان دەستەکان دەخزنە ناو یەکتر،

بیری تاوانەکانیان لەنێوانیان هەڵدەتۆقێ و

لێکیان دوور دەخاتەوە.

**کوڕە گەنجەکە:** بیری تاوانێك -

ئەو لە ماڵە مێردی خۆی بردی و ڕەنگە وابێت ،

بەڵام ئایا پەشیمانبوونەوە بۆ گوناهێکی سۆز

ئەوەندە سەدەیە درێژە دەکێشێت؟

**کیژە گەنجەکە:** نەخێر ، نەخێر :

ئەو پیاوەی کیژەکە هەڵیبژارد، ئەو پیاوەی کیژەکەی هەڵبژارد،

گوێ ی بەوە نەدا و گوێ بەوە نادات کە لە چماڵێك
ئەوان بەرەبەری بەیانی بەناو شەستەبارانی تیرەکان هەڵاتن،
یان تەنیا هی مێرد و شایەك بوو ،
یان چۆن ، ئەگەر ئەوە هەمووی بوایە، کیژەکە بێ هاوڕێ مایەوە
لەسەر رێگا قەوغاکان و لەسەر گردە چۆلەکان؟
(هێلین) بەخۆی شەوانە دەرگای دەکردەوە و
شەو لەدوای شەو بەبێداریەوە خەونی دەبینی و
لەناو سینەی خۆیدا پیاوێکی خەونینی کۆدەکردەوە.

**کوڕە گەنجەکە:** چ تاوانێك ئەوەندە لەبیردا دەمێنێتەوە؟
چ تاوانێك دەتوانێت لێوی عاشقەکان لێك دووربخاتەوە و
بەتەنیاییش بگەڕێن؟

**کیژە گەنجەکە:** شا و مێردەکەی ئەو
لە جەنگدا بەدەستی مێردەکەی تێچوون،
جا بۆ خاتری خۆی و هی ژنەکە ، کوێر بوو
و دڵپرقین بوو و بەدڵپڕقینیەوە لەئەویندابوو،
ئەو چوو لەشکرێکی بێگانەی لەوبەر دەریاوە هێنا.

**کوڕە گەنجەکە:** تۆ باسی (دیارمیود) و (دێرڤۆرگیلا) دەکەیت
کە (نۆرمانی)یەکانیان هێنا ناوەوە؟

**کیژە گەنجەکە:** بەڵێ ، بەڵێ ، من باسی
ئەو جووتە بەدبەختە یەگجار نەفرەتبارە دەکەم
کە وڵاتی خۆیان والێکرد ببێتە کۆیلە ، کەچی

ئەوان هێشتا بەتەواوی بەدبەخت و نەفرەتبار نابن
ئەگەر کەسێکی ڕەگەزی ئەوان لە کۆتاییدا پێیان بڵێت
"من لە ئێوە خۆش بووم."

**کوڕە گەنجەکە:** ئۆه ، هەرگیزاو هەرگیز
لە (دیارمیود) و (دێرڤۆرگیلا) نابووردرێت.

**کیژە گەنجەکە:** ئەگەر کەسێك لە کۆتاییدا لە ڕەگەزی خۆیان لێ ی بووردن
لێو دەکەوێتە سەر لێو.

**کوڕە گەنجەکە:** ئۆه ، هەرگیزاو هەرگیز
لە (دیارمیود) و (دێرڤۆرگیلا) نابووردرێت.
تۆ چیرۆکەکەی خۆتت بەچاکی گێڕایەوە ، ئەوەندە بەچاکی
کە بەدەستەخۆم نەبوو کەوتمە ناو ئەو بارەی
ماوەیەك وا بڕوابکەم کە ئەوە ڕاستەقینەیە،
یان نیمچە باوەڕ بکەم ، بەڵام باشترە ئێستا بەرەو پێشتر بچین.
ئاسۆ لەلای ڕۆژهەڵاتەوە وا ڕۆناك دەبێتەوە.
(ئەوان جارێك بەدەوری شانۆکەدا دەسوڕێنەوە.
مۆسیقارەکان مۆسیقا لێدەدەن.)
حا لێرەوە ئێمە لەسەر ترۆپکەکەین. من دەتوانم
دوورگەکانی (ئاران) ببینم ، گردەکانی (کۆنیمارا) ،
هەروا ناوچەی (گالوێی) لەگەڵ خۆرهەڵاتندا: لەوێش
دوژمن ساپیتە و بن ساپیتەی هەڵتەکاندووە،
دیوارپۆشەکانی لە دیوارە کۆنەکان هەڵپچڕیووە :

ئەوەی کە نەوەی پیرەکان وەکو ناولەپی خۆیان زانیوویانە ،
منداڵەکانیشیان سەریان لێ سوڕماوە،
بۆتە سوتەمەنی بۆ شیرەوای سوپاداران. ئەو شارۆچکەیەی دانراوە ،
تەنیا بۆ ئەو دووانەی کە تۆ دەتەوێت لێیان ببوورم،
لە بن ساپیتە و کونەباجەکانیەوە،
وەکو هەر شارۆچکەیەکی ئیتاڵی دلگیر،
چونکە ئەگەرچی ئێمە نەخەڵووزمان هەیە و نەکەرەستەی خاوی ئاسن،
تا ئێمە پێ ی دەوڵەمەند بین و هەوایەکە تێك بدەین،
ئەگەر ئەو تاوانە نەکرابووایە، وڵاتی ئێمە
یەگجار جوان بوو. بۆچی سەما دەکەیت؟
بۆچی وا چاوت تێم بڕیووە، بەو چاوە هێندە سۆزاویانەتەوە،
یەکێکیانت لەسەر ئەوی ترە، دواتر بەولادا دەڕوانیت،
چاوانت دادەپۆشیت، بەسەماکردنەوە بایاندەدەیت؟
تۆ کێیت؟ تۆ چیت؟ تۆ ئاسایی نیت.

**کیژە گەنجەکە:** لێوەکانمان حەوت سەد ساڵە پێکتر نەگەیشتوون.

**کوڕە گەنجەکە:** بۆچی ئێوە وا بەسەیری تەماشای یەکتر دەکەن،
هێندە بەسەیری و هێندەش بەشیرینی یەوە؟

**کیژە گەنجەکە:** حەوت سەد ساڵ.

**کوڕە گەنجەکە:** هێندە بەسەیری و هێندەش بەشیرینی یەوە.
هەموو بارانەکە، هەموو دەستکردەکانیان تەفروتونا بوون
وەك بڵێیت هەوای چیاکان پەرش و بڵاوی کردبنەوە

چونکە چاوەکانیان پێکتر کەوت. ئەوان ناتوانن ببیستن،
چونکە لەسەماکانیان لوول دراون و شاردراونەتەوە.
ئێستا سەمایەکە دەگۆڕێت . ئەوان چاوەکانیان بەرداوەتەوە،
ئەوان چاوەکانیان بەستۆتەوە وەك بڵێیت دڵەکانیان
لەپڕ شکابن - هەرگیزاوهەرگیز
لە (دیارمیود) و (دێرڤۆرگیلا) نابووردرێت.
ئەوان بەدەم سەماکانەوە لەبەردێکەوە بۆ یەکێکی تر رادەماڵدرێن.
ئەوان دەستەکانیان هەڵبڕیووە وەك بڵێیت خەو بڕفێنن
کە هەمیشە لە قووڵایی ئاسمان بەدواکەوتووە
ئەگەرچیش ئەوان هەرگیز ناتوانن پێ ی بگەن. هەورێك هەڵدەکشێت و
لە تاوێکدا سەر دوندی هەموو چیاکان دادەپۆشێت،
ئێستا بەرز دەبێتەوە و ئەوانیش لەگەڵ خۆی رادەپێچێت.
(بێگانەکە و کیژە گەنجەکە دەچنە دەرەوە.)
نزیکەی من خۆم بەدەستەوە دابوو و خەریك بوو لەهەمووی ببوورم -
فریووەکە و شوێنەکە بەربادن!

(مۆسیقارەکە پارچە قوماشێکی رەش هەڵدەداتەوە و دادەداتەوە.)
مۆسیقاری یەکەم لەلای ناوەراستەوە، دێتە لای پێشەوەی تەختەی شانۆ. ئەو پارچە قوماشە لەپێش خۆی رادەگرێت. دووەکەی تریان هەریەکەیان لەلایەکەوە دێن و قوماشەکە دەکەنەوە. پاشتریش بەهەمان شێوە قوماشەکە دەپێچنەوە. کاتێك قوماشەکە کراوەیە، کوڕە گەنجەکە سەرشانۆ بەجێ دەهێلێت. )

(گۆرانی بۆ کردنەوە و پێچانەوەی قوماشەکە.)

**مۆسیقارەکان (بەگۆرانیەوە).**

ا

لەسەر خرِاییە بۆرەکەی گردان
مۆسیقای شانشینێکی لەناوچوو
لێدەدرێت، لێدەدرێت و لەپرِ  دێتە وەستان.
رەشەبای ناوچەی (کلێر) - (گالویٚ ی)
لەگەڵ خۆی دەیبات: لەپرِ  دێتە وەستان.

من لە  ناو شەوبادا بیستوومە ئاوازان
مۆسیقای گەرِۆکی بایاوی،
لەناو ئەو تەڵەیەدا سەری لێشێوان
پیاوێك لەپرِ تیاچوو،
لەناو ئەو تەڵە خۆشە گەرِۆکەدا هاتە فەوتان.

چ قامکێك یەکەمجار هێنایە ژەنین
مۆسیقای لەناوچوونی شانشین؟
ئەوان خەون دەبینن کە لەبەر هەتاو پێدەکەنین.
ئێسکی وشك تاڵە کاتی خەون بینین،

ئەوان خەون دەبینن و خۆرەکەمان تاریك دادێنن.

دەیژەنن ئەو پەنجە شێتانە
مۆسیقای گەرۆکی رەشەبایانە،
بەختمان ژاکاو و رووەو فەوتانە،
گەنمی سەر گوڵەگەنمەکانیش وا لە ژاکانە،
رەشەباش رایدەدات ئەو دەنکە جوانانە.

II

دڵم هەرکە بیستی کەوتە کێوان
قیژەی کەرەواڵەی بەرەبەیان
پێچ خواردنی باڵندەکەی سەرك وەك پشیلان،
بەڵام ئێستاکە شەو هاتە نەمان.
دوور لەو خوارە واکەوتە بەر گوێیان
قوقەی باڵندەی مانگی ئاداری پڕ تین و توان.
مل هەڵدەکێشێت و هەڵدەشەقێنێت باڵەکان،
کەڵەشێری سوور ، دەست دەکاتە قووقان.

**کۆتایی**

(3)

# شانۆیی (پرۆفیسەر تاران)

## نووسینی: ئارسەر ئەداموف

★ تێبینی: ئەم شانۆییەم لەم کتێبەی خوارەوە وەرگێراوە:

**<u>Absurd Drama</u>, with an Introduction by Martin Esslin (Middlesex:Penguin Books,1967)**

ناوونیشانی شانۆییەکە ئەمەیە:

" **Professor Taranne** " لە لایەن "پیتەر میلەر" کراوەتە ئینگلیزی.

## چەند پەیڤێکی رەخنەیی لەبارەی شانۆیی (پرۆفیێسەر تاران)ی ئارسەر ئەدامۆڤەوە

مارتن ئێسلن لە لاپەڕە 108-110 ی کتێبی "شانۆی بێهودەیی" کە لە ساڵی 1968لە ئینگلتەرا چاپکراوە دەربارەی شانۆیی (پرۆفیێسەر تاران) ی ئارسەر ئەدامۆڤ نووسیویەتی: " ئەو ئەم شانۆییەی لە خەو ندا بینی ....کە بە پنتی وەرچەرخان دادەنرێت لە گەشەکردنی ئەدامۆڤ دا."

مارتن ئێسلن لە قسەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: " لەو خەونەیدا ... هەر شتێك کە لە تاران روودەدات ، لە ئەدامۆڤ خۆی رووی داوە. تاقە جیاوازیەك هەبێت ئەوە یە لە جیاتی ئەوەی کاتێك ئەو هاوار دەکات "من پرۆفیێسەر تاران" م ، ئەدامۆڤ بە سەر سوڕمانەوە هاواری کرد بوو "من دانەری شانۆیی (لاساییکردنەوە)م !"

لەلای ئەدامۆڤ شانۆیی (پرۆفیێسەر تاران) گرنگیەکی تایبەتی هە یە لە گە شەکردنی خۆ یدا وە کو شانۆنامەنووس. چونکە بە نوو سینەوەی خەونێکی را ستەقینە ئەو نا چاربوو لە ئە ستانەیەکدا بپەرێ تەوە. ئەدامۆڤ بۆ یەکەمین جار لە یەکێك لە شانۆییەکانیدا ناوی شوێنێکی راستەقینە دەهێنێت کە لە دونیای راستەقینەدا هەیە. پرۆفیێسەر تاران دەڵێت: لە دەرەوەدا- بەلچیکا- وا نەی گوتۆ تەوە، دوا تر نامە یەکی لە ولاتێ کەوە پ ێدەگات و بە پوولە کەی دەزانر ێت کە وێ نەی شێری بەلچیکای بەسەرەوەیە.

هەر لەوێدا مارتن ئێسلن ئا ماژە بە و تارێکی قوولی ( مۆریس ریگ نۆت) کە لەبارەی شانۆیی (پرۆفێسەر تاران) نوو سراوە دە کات و دەنوو سێت:
"(پرۆفێسەر تاران) قۆناغێکی دیکەی گرینگ لە گە شەکردنی ئەدامۆڤ نیشان دەدات. لە شانۆییەکانی پێشتری دا، بۆ ئەوەی هە ستی بێما نایی و بێ هودەیی ژ یان دەربڕ ێت، ئەدامۆڤ هەردوو رەو شی ب نەڕەتی دژبە یەکتری دەخ ستەروو کە سەرەنجامەکانیان وە کو یەکی ل ێدەهات - واتە دەبوو بە هیچ....بەڵام ئەو خەو نەی شانۆیی (پرۆفێ سەر تاران)ی لەسەر بنیاتنراوە ، بۆ یەکەمین جار ئەو رێگایەی بە ئەدامۆڤ نی شان دا کە دەکر ێت هەردوو هەڵوێ ستی بنیات نەر و فەوتێ نەر پێ کەوە لەناو هەمان کە سایەتیدا هەبن. جا بۆ سەلماندنی گرن گی خۆی وە کو هاووڵاتیەك، دەستکەوتەکانی وەکو زانا یەك، تاران پەردە لە رووی ئەو راستیە هەڵدەماڵێت کە ئەو قسە گوتراوانە فریوودەرن."

" جا بە هیچ شێوەیەك ئەوە روون نی یە ئاخۆ شانۆییەکە دە یەوێت فێڵ ێك ئا شکرا ب کات یان مرۆڤێ کی بە سەزمانمان پی شاندەدات کە روو بەرووی پیلانگێڕ یەکی دڕندا نەی بارودۆ خەکان کراوە تەوە کە بەوردی نەخشەی بۆ کێشراوە تا قسە و داواکانی بنکۆڵ بکات. لەرا ستی دا، چونکە ئەدامۆڤ خۆی بە پرۆفێسەر تاران دەچووێنێت، دووەم ئە گەر سەرکەوتووترە... ئا بەمجۆرە، پا ڵەوانی (پرۆفێ سەر تاران) زانا یەکی چالاك و کە سێکی ساختەکارە، هاووڵات یەکی ر ێزدار و کە سێکی خۆدەر خەرە، نموونە یەکی باڵای ماندوونەنا سێکی گە شبینی یە و رەشبینێکی خۆفەوتێنەری تەوەزەلیشە. هەر ئەمەشە رێگای بۆ ئەدامۆڤ کردەوە بەرەو خولقاندنی کەسایەتی دژبەیەکی سێ رەهەندی بچێت کە شوێنی دەربڕینی نەخشەبۆدانراوی ئەو هێزە سایکۆلۆژیانەی بەرووني دیاریکراون بگرێتەوە."

# شانۆیی "پرۆفیسەر تاران"

"ئەم شانۆییە یەکەم جار لە لایەن کۆمپانیای رۆجەر پلانچۆن لە شاری لیۆنز لە ساڵی 1953 دا نمایشکراوە"

**کەسایەتیەکان**:

- پرۆفێسەر تاران .
- لێکۆڵەری سەرەکی.
- نووسیارێکی بچووک(پیاوێك).
- نووسیارێکی پیر(ژنێك).
- رۆژنامەنووسێکی ئافرەت .
- یەکەم جوامێر .
- دووەم جوامێر .
- ژنێکی کەشخە.
- سێیەم جوامێر .
- چوارەم جوامێر .
- ژنە بەرێوبەرێکی هوتێل .
- یەکەم پۆلیس .
- دووەم پۆلیس .
- جین .

# پرۆفیسەر تاران
## دیمەنی یەکەم
## پۆلیسخانەیەك

(له لای پێشەوەی دەستە چەپدا ، لەپشت مێزێکی به کاغەز داپۆشراو، لێکۆڵەری سەرەکی پۆلیس دانیشتووە ، پیاوێکی بەتەمەن و تێك سمڕاوە و پێڵاوێکی رەش و پانتۆڵێکی خەتداری لەبەر دایە. پرۆفێسەر تاران کە تەمەنی نزیکەی 40 ساڵێکە زۆر بەرەقی لەپێش مێزەکەدا وەستاوە. ئەویش جلی رەشی لەبەردایە، لەلای دەستی راستیانەوە ، کەمێك بۆ لای بنەبانەوە ، پیاوێکی رەشتاڵەی زۆر گەنج کە نووسیارێکی بچووکە دانیشتووە و هەردوو لاقی لە سەر کورسیەکەی داهێناوە و چەنەگەشی کەوتۆتەسەر پشتی کورسیەکە. لە دەستەچەپی لای پشتەوە، ژنێك ، کە نووسیارێکی پیرە، عەزیەیەکی هاوینەی قان قانی لەبەردایە ، خەریکی بەسەرکردنەوەی کاغەزەکانە ، چەکمەجەکان دەکاتەوە و لە کارتەکان وردەبێتەوە .

لەلای دەستەراستیەوە سەر شانۆ چۆڵ و هۆڵە)

**تاران**(بە کەمێك هەنا سەبڕکێوە ، لە بەروودا تەقینەوە یەکی بێ پسانەوەدا): بەڵام بەهەرحاڵ، تۆ ناوی من دەزانیت ! من کەسێکی بەناوبانگ و رێزدارم. پێویستە تۆ لە پیشەکەی خۆتدا وەکو هەموو کەسێکی تر ئەمە بزانیت. من تەنانەت دەڵێم پێویستە لە

خەڵکی تر با شتر بزاد یت. تۆ چاك دەزاد یت کە ئەم تۆمەتبارکرد نەی من را ست نی یە، من بۆچ وابکەم؟ ئەو جۆرە ژیانەی کە من ژیاوم بەڵگەیەکە کە من دانابەزمە ئاستی ئەو جۆرە رەفتارانە....، پاشانیش تۆزێك ژ یری ئا سایی پێوی ستە، تکا یە! کێ لەو دونیا یە لە کە شوهەوای وا ساردا هەر هەموو ج لی خۆی دادە کەنێت ؟ (پێدە کەنێت) من هیچ ئارەزوویێکم نی یە نەخۆش بکەوم و چەند هەفتەیەك بکەومە ناو جێگا: وەکو هەموو کەسێکی دیکە کە کاری قورس دەکەن، من لەرووی کات بە سەربردنەوە زۆر قرچۆکم...

جا بیر بکەوە! تۆ بڕوا بە بەڵگەی م ندالان دە کەی ؟ ئەوان هەرچی بێتە ناو مێشکیان دەیڵێن . بۆ ئەوەی خۆ یان بخە نە بەر دلان ، بۆ ئەوەی وا لە خەڵکی بکەن سەرنجیان لێ بدەن ئەوان هەموو شتێك دەکەن .....تۆ پێویستە مندالان بناسیت. منیش باش دەیانناسم. م نیش وا نە بە وان ناڵێم ،( بەگرنگی یەوە ) من مامۆ ستای زاد کۆم ... بەڵام ... (روو دەکا تە نوو سیارە پیرە کە کە هێ شتا خەریکی هاوێرکردنی کاغەزەکا نە)... خو شکم ک چێکی ب چووکی هە یە. ک چێکی ب چووکە، ئەو بە هەر نرخ ێك ب ێت ، دە یەوێت با یەخی پێ بدرێت. پێوی ستە گوێی لێبگر یت. گوێی لێبگریت! لەگەڵ ئەوەشدا من ئەوم زۆر خۆشدەوێت. دەتوانم ب ڵێم هەموو منداڵێکم خوشدەوێت بەڵام بگاتە ئەو رادەیەی کە باوەڕیان پێ بکەیت....

من بەهێمنی لە سەر قەراغی دەریا چەکە دەرۆیشتم کاتێك لە ناکاوڕا ئەوانم بینی. ئەوان لەوێ بوون، تەواوێك نزیك بوون، ئەوان چوار دەوریان گرتم..... ئەوانی تریش پەیدا بوون ، لە هەموو شوێنێکەوە پێکڕا هەموویان بۆم هاتن. ئینجا من کەوتمە غاردان . نازانم بۆ رامکرد ... لەوانە یە لەبەر ئەوە بووبێت من چاوەڕوان نەبووم ئەوان لەوێ ببینم.

بەدڵنیاییەوە من رامکرد. ئەوان دەیان توانی پێیت بڵێن کە من رامکردبوو ، بەڵام هەر ئەوەندە بوو بەس. تەماشام بکە : ئەرێ من بە مرۆڤێك دەچم کە بە پەلە جلکەکانم کردبێتە بەر خۆم؟ جا من کاتی ئەوەم لە کوێ هەیە کە جلەکانم بکەمەوە بەر ...؟

**لێکۆڵەر** : من پێم ناخۆشە. بەڵام لێرە راپۆرتێك هە یە و بە هیچ جۆرێك لەگەڵ قسەکانی تۆ ناگونجێت.

**تاران**: ئەوان هەموو پێکەوە غار یان دەدا و هاوار یان دە کرد. ( بە هێمنیەوە) وەك بڵێی یەکێك ئەو قسانەی فێر کردبن.

**لێکۆڵەر** : هاوارەکانیان چی بوون؟

**تاران** (بە دەنگێکی تیژ ، بەڵام کەمێك منداڵانەوە ، پەنجەی خۆی درێژ دەکرد) : خۆت دەبینیتەوە ! خۆت دەبینیتەوە ! بەڵام خۆم لە چی دەبینمەوە؟ من هیچ شتێکی خراپم نەکردووە و دەشتوانم ئەمە بسەلمێنم.

**لێکۆڵەر**: ئێمە تەنها دەمانەوێت راستی بدۆزینەوە.

**تاران:** من پرۆفێسەر تارانم ، من کەسێکی بەناوبانگم، من گەلێ وا نە و کۆڕم لە دەرەوە گوتوونە تەوە. هەر بەو دواییا نە من بۆ بەلـ چیکا بانگهێشت کراوم ، سەرکەوتنێکی وام بەدە ست هێنا کەس نەیبیستبوو... هەموو گەنجەکان بەرەو کۆڕە کەم هاتن... ئەوان لە سەر ئەوە شەڕیان دە کرد تەنها پار چە کا غەزێکیان دەست بکەوێت دەسخەتی منی پێوە بووبێت ...

**لێکۆڵەر**(دەستی بەرز دەکاتەوە و دەیخاتە سەر شانی پرۆفێسەر تاران): من هیچ گومانم لە سەرکەوتنی تۆ نییە، بەڵام لە کاتی ئێستادا ئەوە مەسەلەکە نییە. (دەستی لادەبات. وەستان) ئێمە پێویستە ئەو مە سەلەیە ساغ بکەینەوە بۆ ئەوەی ئەو راپۆر تە تەواو بکەم . ( بەوەستاوی دەمێننەوە)

**تاران:** راپۆرت؟ چ راپۆرتێك؟ بەڵام ئە گەر تۆ را پۆرت درو ست بکەیت ، رەنگە تۆ زیانێکی گەورەم پێ بگەیەنیت ...کارنامەم بشێوێنیت.

**لێکۆ ڵەر** (دی سان دادەنی شێتەوە): تۆ تا قە کە سێك نـ یت کە شتی وات بە سەر بـ ێت (وە ستان) تۆ بە تاوا نە (غەرامە یەك ) لێ دەردە چیت و هەر ئەوەندە یە و بەس. ئە گەر بـ یدەیت، ئەو رووداوە هیچ کاریگەریەکی بەسەر تۆوە نابێت .

**تاران:** بێگومان دەتوانم پارە بدەم. پارەم هەیە . من چەکێکت بۆ ئیـمزا دە کەم، هیچ لەوە ئا سانتر نی یە. (دە ست دەبا تە ناو گیر فانی خۆی) هەر ئێستا ئەگەر حەز بکەیت ....

**لێکۆ لەر** (دیسان هەڵدەستێتەوە و قۆڵی پرۆفیسەر تاران دەگرێت)؛
نەخێر، ئێستا نا. من تەنها داوات لێدەکەم ئەوە ئیمزا بکەیت (نیشانە بۆ پارچەکاغەزێك دەکات لەسەر مێزەکەیە) کە تیایدا دان بەوەدا دەنێیت کە چەند منداڵێك بەر لەوەی دنیا تاریك دابێت لە ناکاورا بەسەرتدا هاتوون کە رووت و قووت بوویت. (دیسان دادەنیشێتەوە) تۆ دەتوانیت ئەوەشی بخەیتە سەر کە تۆ نەتدەزانی ئەوان چاودێریان دەکردیت.

**تاران** : من تەنیا ئەوە دەزانم کە من لە ژێر چاودێری دام ، لە کونانەوە سەیرم دەکەن، هەموو کەس چاویان لە من چڕکردۆتەوە. بۆچی ئەوان وا سەیرم دەکەن؟ من سەیری هیچ کەس ناکەم . من عادەتەن چاوی خۆم بەردەدەمەوە . هەندێ جار نزیکەی چاوەکانم دادەخەم . (وەستان) من نزیکەی چاوەکانم داخستبوو کاتێك ئەوان هەموویان دەرکەوتن.

**لێکۆڵەر** : چەند کەسی ئەوان لەوێ بوون ؟

**تاران**: من نەم ژماردن ، کاتم نەبوو. (وەستان) بۆ ئەوەم لێ دەپرسی؟ من پێم گوتیت من کێم ، پێویستە ئەوە بۆ تۆ بەس بێت .... من بڕوا ناکەم تۆ هیچت دەربارەی من بەر گوێ نەکەوتبێت .

**لێکۆڵەر** (پێدەکەنێت): من بەداخەوەم .

**تاران**: جا تۆ پێویستە وا بیت ، پێویستە بزانیت لەگەڵ کێ رەفتار دەکەیت .( بە پەرۆشەوە) جارێکی تریش دەڵێم، تۆ چۆن دەتوانیت باوەڕ بە چەنە چەنی منداڵان بکەیت ؟ چ بەڵگەیەك

هەیە ئەو کچەی هاتە ئێرە و ئەو هەموو شتەی پێ گووتبیت ، بەخۆی... لە شوێنەکە بووە؟ دەبێ مندالانی تر پێیان گووتبێت بەو شێوەیەی خۆ یان دەیا نەویێت و ئەو قسەکانی گۆڕیبێت ، لەوانە شە، ئە مە رووی دابێت بەبێ ئەوەی بەخۆیان هەر هەستیشیان پێ کردبێت. (وەستان) بەلێ، هەلبەتە مەسەلەکە بەو جۆرە قەوماوە .

لەپالێ ئەوەشدا، زۆر ئاسانە، تۆ لەدوای ئەو کەسانە بنێرە کە من دەناسن. من دەتوانم ناو و بەلگەنامەکانیانت پێ بدەم . ئەوان دەتوانن گەواهی لەسەر کەسایەتی.... و رەوشتی بەرزی من بدەن . (وەستان) وابکە بێنە ئێرە ، هەر هەموویان ! هەرکێ تۆ حەز بکەیت، هەرکێ ! ئینجا تۆ دەبینیت ...

(رۆژنامەنووسێك یەک سەر دێتە ژوورەوە ، ژنێکی قژکالە ، تەمەن مامناوەندیە ، نە ناشرینە و نە جوانە ، قژەکەی لەسەر ستایلی ئیتۆنی بە کورتی بڕاوە. تەنوورە یەکی قەد قەد و بلوزێکی قۆلێ کورتی لەبەردایە ).

**رۆژنا مەنووس:** ئەرێ تۆ جوامێرێکت نەبینیووە کە زۆر درێژە و قەدوبالای رێکە ؟ ئەو هەمیشە چاویلکەکانی بەدەستەوە دەگرێت ، ئەو وای دانابوو لێرە بمبینێت ...

**نووسیاری گەنج:** نەخێر، خانم کەس لێرە نەبووە ، جگە لە ( نیشانە بۆ پرۆفێسەر تاران دەکات) .

( پرۆفێسەر تاران کەمێك رادەچەنێت ).

**تاران** (لە رۆژنامەنووسەکە دەچێتە پێشەوە) : وابزانم پێ شتر یەکترمان بینیوە ...ئەگەر من بەراستی بە بیرم بێ تەوە ، تۆ بەم دوای یە نامەیەکی زانستیت بلاوکردۆتەوە ...(روو دەکاتە لای نوو سیارە بچووکەکە)... نامەیەکی تارادەیەك سەرنجراکێش .

**رۆژنا مەنووس** ( بەبێ پە شۆکان، کاتێ دێ و دە چێت) : دە بێ تۆ هە ڵە بیت ، من رۆژنامەنووسم، (بۆ نوو سیارە بچووکەکە) ئای ئ ێرە چەند گەرمە ! ئەرێ ناکرێ هەندێ هەوا بێتە ژوورەوە؟

**نووسیارە بچووکەکە**: بە خۆشحاڵیەوە .

(ئەو هەڵدەستێت ، بەڵام نووسیارە پیرەکە پێش ئەو دەکەوێت و پەنجەرە کەی لای پ شتەوە دەکا تەوە. دی سان دادەنی شێتەوە و دە چێتەوە جێ گای جارانی و چەناگەی دەخا تە سەر پ شتی کورسیەکەی)

**تاران** (بۆ رۆژنامەنووسەکە) : رێم بدە با خۆمت پێ بناسێنم ......

**رۆژنامەنووس** ( پشتی لێدەکات و بەرەو لای لێکۆڵەری سەرەکی دە چێت کە هێشتا خەریکی نووسینە): بەراستی، پیاوان بێ ئەندێ شەن. کاتێك دەیانەوێت لە ژنێك نزیك ببنەوە ، ئەوان هەمیشە دەڵێن ئەوانیان لە شوێنێك بینیوە .

(لێکۆڵەرە کە بە نەرمی پێدە کەنێت کات ێك لە نوو سین دا بەردەوا مە. رۆژنامەنوو سەکە دە چێتە لای پەنـ چەرەکەی پشتەوە.

یە کەم و دووەم جوامێر بە پانتۆڵی ز ستانەوە خۆ یان بە ژوورە کە دادە کەن ، زۆر سەرقاڵن. یە کەم جوامێر جانتا یەکی چەرمینی لەدە ستە ، ئا شکرایە ئەوان لە سەر گفتوگۆ یەك بەردەوامن کە پێشتر دەستیان پێ کردووە.)

**یەکەم جوامێر**(بۆ دووەمیان) : من پێم گوتیت بڕوات پێی نەبیت.

**تاران**: ( دوودڵە و پاشتر لە دوو جوامێرەکان نزیك دەبێ تەوە) : من زۆر خۆشحاڵم بە دیتنتان. ئێوە دەتوانن ... یارمەتیم بدەن.

**یەکەم جوامێر** ( بە ساردییەوە ) : بەرێزم من تۆ ناناسم .

( دووەم جوامێر بە دە ست نیـ شانەی ئەوەی بۆ دە کات وا تا "منیش نا" )

**تاران**: چی؟ بەڵام من زۆر جاران تۆم لە کۆڕ و وانەگوتنەوەکا نمدا بینیوە.....

**دووەم جوامێر**: ئیمە ناچینە هیچ کۆڕ و وانەگوتنەوەیەك . (پێدەکەنن) ئێمە تەمەنی تاقیکرد نەوەمان بە سەر بردووە ، (بەبایە خەوە، بۆ جوامێری یە کەم ) ئەو پێویـ ستە وای لێبکر ێت بەرنا مەی خۆی بگۆڕێت.

(یەکەم جوامێر قۆڵی دووەمـ یان دەگر ێت، ئەوان وە کو پا سەوان دێن و دەچن.)

**تاران** ( بەدوایان دە کەوێت) : بەڵام ، جوامێران ، نابێ ئـ ێوە من نەناسنەوە ، ئەوە ئەستەمە ، من ... پرۆفێسەر تارانم .

**یەکەم جوامێر** ( بە هێواشی وەك بیەوێت بە بیری بێتەوە): تاران؟

**دووەم جوامێر**( بە تیژی پشتی دەکاتە تاران و قۆڵی جوامێری یەکەم دەگرێت ): بە هەرحاڵ تۆ دەتوانیت پشت بە هاریکاری من ببەستیت.

**تاران** ( بە پەتە زمانییەوە): تکایە، جوامێران، هەوڵێک بدەن ، تەنها هەوڵێکی بچووك. لەوانەشە...لە ماوەی کەمتر لە خولەکێکدا ، تۆ هاوار بکەیت ... (بەدڵخۆشییەوە) بۆ، ئەوە تارانە!

**دووەم جوامێر** (شانی هەلدەتەکێنێت ) : تۆ دەبینیت ئێمە سەرقاڵین . (پرۆفێسەر بە سەرسوڕماوی دەوەستێت)

**یەکەم جوامێر**(بۆ دووەم جوامێر و قۆڵی دەگرێت): کاتی ئەوەیە دەست بەکار بکەین.

(ئەوان چەند هەنگاوێك دەڕۆن)

**تاران** ( بەرەو لای سەرۆکی لێکۆڵەرەکان دە چێت کە هێشتا لە سەر مێزەکەی رونیشتووە ): من لەوە تێناگەم. چونکە دوای هەموو شتێك ، جگە لە پایەبەرزی و رۆمەتم .... لە کارەکانم ..... من روخسارێکی وام هەیە ئەگەر بینیت ناتوانیت لە بیری بکەیت.

**لێکۆڵەر**: بە دڵنیایەوە .

**تاران**: راستە ، هەر ئەوساش من گەشتێکی دوور و درێژم بۆ دەرەوە کرد .

**لێکۆڵەر**: دەیزانم، گەشتێك کە سەرکەوتنێکی گەورە بوو .

**تاران**: سەرکەوتنێکی لە ڕادەبەدەر، دیسان هەر لە ماوەیەکی نزیکدا دەبێ بچمەوە ئەوێ. (وەستان) لە دەرەوەدا، ئەو کێشانەی من

حەزیان لێدە کەم زۆر جەرگ سۆزانەتر لێ یان رادەم ێنن. ئەوان بایەخی وایان پیّ دراوە کە پێویستە بڵێم هەمیشە لێرە ئەو بایەخەیان پیّ نادرێت .

(لێکۆ ڵەری سەرەکی ناجوولێ تەوە. پرۆفێ سەر تاران دیسان بە تر سەوە لە دوو جوامێرە کە دە چێتە پێ شەوە. نوو سیارە بچووکەکە، کە لە هەمان شوێن و باری جاران مابۆوە لەوە دەکات خەوی لێکەوتوبێت. نووسیارە پیرەکە هێشتا کا غەزەکان بەسەر دەکاتەوە ).

**رۆژنا مەنووس** ( خۆی بە سەر پەنجەرە کە دادەگر ێت و دە چێت بۆ دیدەنی دوو جوامێرەکە): بەڵام من تۆم نەنا سیەوە ، بەرا ستی، داوای لێبوردن دەکەم.

**دووەم جوامێر** : بەو جۆرەی خەڵك یەكتر دەبینن!

**تاران** : من زۆرجار تێبینی ئەوەم کردووە...

**دووەم جوامێر** ( بۆ یە کەم جوامێر، دی سان پ شت دەکا تە پرۆفێ سەر تاران): من پێم گرنگە پەلە لەو کارە بکەین .

(ئەوان دێن و دەچن)

**رۆژنامەنووس:** ئەوە مەسەلەکەیە کە ئەو رۆژە بۆ منت باس کرد؟

**یە کەم جوامێر**(پێدەکەنی نەوە): ئێ مە ناتوانین هیچ شتێك لە تۆ بشارینەوە.

( ژنێکی کەشخە دێتە ژوورەوە ، بەتەمەنە، جلێکی رەشی لەبەرە و شەبقەیەکی لەسەردایە کە تارایەکی بچووکی پێوەیە، سێیەم

و چوارەم جوامێری لە گەڵ دا یە. هەردووکیان باڵا یان بەرزە و جـ لی جواذ یان پۆ شیوە، قژەکانی لاجانگ یان ماش و برنج هەڵگەڕاوە .)

**دووەم جوامێر** : چ شتێکی سەر سوڕهێنەرە!

(تەوقەکردنی بە کۆمەڵ)

**رۆژنامەنووس** ( بە خۆشیەوە ، بۆ سێیەم جوامێر ) : ئای دوندیا چەند بچووکە؟

**سێیەم جوامێر** ( روو دەکا تە ژ نە کە شخەکە و چوارەم جوامێر ، بە دەنگێ کی نز مەوە): ئەو رۆژنامەنوو سە زۆر بە قور سی کار دەکات. تۆ لە هەموو شوێنێك ئەو دەبینیت، تەنا نەت لە ناو باڵەخانەکانی زانکۆشدا.

(تەوقەکردنی گشتی، پرۆفێسەر رادەچڵەکێت و دەچێتە پێشەوە)

**چوارەم جوامێر** : من دوا وتاری تۆم خوێندۆتەوە. پیرۆزە!

**ژ نە کە شخەکە**( بە جەرگ سۆزیەوە) : دەر بارەی زانکۆکان.....هەف تەی رابردوو من چوومە کۆڕێکەوە کە بە تایبەتی حەزم لێیبوو. ( لەپڕ پرۆفێسەر تاران دەبینێت) بەڵام من خەون نابینم ، ئەوە...( بۆ پرۆفێسەر تاران) پرۆفێسەرەکەیە، من هەرگیز ناتوانم ئاوات بۆ بەختێکی وا بخوازم ، من هەرئێستا باسی تۆم دەکرد .

**تاران**( بە هەڵچوونەوە زمانی دەگیرێت ): من خۆشحاڵم....

**ژنە کەشخەکە** (بە واق وڕماویەوە ): من....

( لێکۆ ڵەری سەرەکی کا غەزەکانی خۆی لە سەر مێزە کە ر ێك دەخا تەوە ، هەڵدە ستێتەوە و پاڵتۆ کەی لە بەر دە کات و بەلای چەپەوە دەردە چێت. پێدە چێت کەس نەیبینیبێت کاتێك دەچێتە دەرەوە )

**چوارەم جوامێر** ( نزیکەی هاوار دەکات ، بەرەو لای ژنە کەشخەکە خۆی خوار دەکاتەوە ): ئێستا وەرە بزا نە ! ئە مە پرۆفێسەر میر نارد نی یە، ئەویش زۆر بەو دە چێت، بەڵام پرۆفێ سەر میر نارد درێژترە ، لەشی پڕترە.

**سێیەم جوامێر** : ئەوچاویلکەکەی خۆی لە دەست دەگرێت... بەو جۆرەی خۆی وا دەکات .(بەپێکەنینەوە ) بەڵام ئەو لەوە جیایە !

**تاران** (بەلاڵەپتەی یەوە): من ... پرۆفێ سەر تارانم..... بە دڵنیای یەوە دەبێ..... ئێوە بەرهەمەکانم بناسن.

**ژنە کەشخەکە**: تاران؟

( سێیەم و چوارەم جوامێر دە ستیان دەجوڵێننەوە " بە ما نای ێ مە نایتا سین" نوو سیارە ب چووکەکە هەڵدە ستێتەوە، کورسیەکەی لە نزیك مێزەکە دادەنێت ، بەلای دەرەوە دە چێتە دەرەوە. پێ دەچێت کەس نەیبینێت کە دەچێتە دەرەوە .)

**تاران** (بەلاڵەپتەی یەوە): ئ ێوە سەری من سوڕ دەه ێنن ...بەتای بەتی چونکە من پرۆفێسەر مینارد دەناسم... ئەو لە لای خۆ یەوە.... گەورەترین (دەنگی پڕ نائومێدی دەبێت) ڕێزی بۆ من هەیە.

(پرۆفێسەر تاران لەگەڵ هەوای بۆش دەدو ێت، کەس گوێی لێ نەدەگرت .ژ نە کە شخەکە قۆڵی سێیەم و چوارەم جوامێر دەگر ێت. ئەوان بە هێوا شی چەند هەنگاوێك دا هاوێن. پیرە نوو سەرەکە کە ئی شی خۆی تەواو کردووە ، پاڵتۆ کەی لە بەر دەکات و بەلای چەپدا دێتەدەر ، دیسان پێدەچێت کەس تێبینی نەکات).

**رۆژنامەنووس** (لەناو قاوشەکەدا) : پێویستە من بڕۆم.

(ئەو دەستی خواحافیزی کردن هەڵدە شەقێنێت و بەلای را ستدا دەچێتە دەرەوە)

**دووەم جوامێر**(دە ستی لە سەر شانی جوامێری یە کەم دادەن ێت): هەر دەستبەجێ با ئەو فرۆفیێلا نە و خۆگۆڕی نە کۆ تایی پێ ب ێت! ئێمە شتەکان راست دەکەینەوە.؟

**ژنە کە شخەکە** ( بۆ جوامێرە فەرەن سیەکە): ئەرێ بڕۆین؟ خۆ ئێ مە هەتا هەتایە لێرە نامێنینەوە.(لەپڕەوە زۆر بە جەرگ سۆزیەوە ) وەکو تاوانباران....

(ژ نە کە شخەکە و سێیەم و چوارەم جوامێر یەک سەر دە چنە دەرەوە. پرۆفێسەر تاران هەنگاوێك بەرەو لای ئەوان دەڕوات ، بەڵام زۆر خ ێرا دەوە ستێت و زۆر بەناجێگیری خۆی بە سەر کور سیەك دا لار دەکا تەوە : ئین جا لەناکاوڕا هە ست بە دیارنەمانی لێکۆڵەری سەرەکی و نوو سیارەکان دە کات و دە ست بەراکردن دەکات. بەلای دەستە راستدا دەچێتە دەرەوە ).

**تاران** (لەلای تەختەی شانۆوە): بمبوورن ....بەڵام دەمەوێ لێتان بپرسم ئەگەر لێکۆڵەری سەرەکی یان یەکێك لە نوو سیارەکانتان دیتبێت...ئەمە یەگجار بێزار کەرە ، دەبوا یە قسەکانی خۆمم ئیمزا بکردایە....بەڵام نەمکردوون.

(بەزراوچوونەوە) بەڵام نابێ ئەوان رۆیشتبن ، یەکێك لە ئێمە ئەوانی هەر دەبینی، من تێناگەم....

(ژنە بەرێوەبەرە کە لە لای دەستە چەپەوە دێتە ژوور. ئەو کەمێك کورسیەکان و مێزەکە دەجوولێنێت، فایلەکان لادەبات و تەختەیەکی پڕ لە کلیل دەهێنێت لەسەری دادەنێت، کە لەلای دەستەراستی پشتەوەی شانۆ هەڵیدەواسێت، ئێستا دیمەنە کە دەبێتە نووسینگەی هوتێلێك).

## دیمەنی دووەم

### ئوتێلێك.

(پرۆفێسەر تاران دێ و دەچێت)

**تاران:** هێشتا کەسی لێ نییە! ئەرێ چەند تووڕەکەرە ! بەرێوبەرە ژنەکە وەك عادەتی وایە... چۆتە پیاسە. ئەو جۆرە رەفتارەی دەیکات، با شتر بوو رای بیگوتایە، ئەمە زۆر سەربەرزانەتر بوو....(وەستان) گرنگ نییە و حەزدەکەم بزانم هیچ نامەم بۆ نەهاتووە؟

(دوو پۆلیس لە لای دەستەراستییەوە دێنە ژوور بە دەرکەوتنێکی ئاساییانە): تۆ کێیت؟ چیت دەوێت؟ کەس لە نووسینگەدا نییە.

**یەکەم پۆلیس:** ئێمە بە دوای کەسێکدا دەگەڕێین کە ناوی....

(بەڵگەنامەیەك لە گیرفانی خۆی دەردەهێنێت)

**دووەم پۆلیس:** تاران.

**تاران:** مەبەستت لە - پرۆفیسۆر تارانە؟

**یەکەم پۆلیس** (نیشانە بۆ بەڵگەنامەیەکی ناودەستی دەکات): جێی پیشەکەی بە بۆشی جێ هێڵراوە.

**تاران:** ئەمە یەکجار بێزارکەرە ، چونکە من چۆن دڵنیابم لەو پیاوەی ئێوە بەدوایدا دەگەڕێن؟

(پۆلیسەکە پێدەکەنێت)

من پرۆفیسەر تارانم، کورسیەکم لە زانکۆدا هەیە...

(پۆلیسەکان بەرەو لای ئەو دەبزوون)

مەسەلە چیە؟ من ئازارم بە کەس نەگەیاندووە. (بەپێکەنینەوە)

من ویژدانم ئاسوودەیە.

**یەکەم پۆلیس:** تۆ دژ بە ڕێنماییەکان جوولاویتەوە.

**تاران:** ڕوونی بکەرەوە مەبەستت چی یە...

**دووەم پۆلیس:** ئێمەش تەنیا حەزمان لەوەیە وابکەین، بەڵام تۆ قسەمان پێ دەبڕیت.

**یەکەم پۆلیس:** ئەو خراپەی تۆ کردووتە زۆر بچووکە. تۆ بەردەدرێیت و هۆشداریەکت پێ دەدرێت.

**تاران:** دیسان پێ لەسەر ئەوە دادەگرم بزانم مەسەلەکە چی یە؟

**یەکەم پۆلیس:** نیگەران مەبە. کێ هەیە هەرگیز جار ێك یان ز یاتر لە دوای نەناردرابێت بۆ چوونە بەردەم دادپرس؟

**تاران** (دوای بێ دەنگی، وەك بڵێی بڕ یارێکی پاڵەوانا نەی داوە): ئۆه، زا نیم. ئ ێوە لە کاتی خۆ یدا نەهاتوون. من هەر ئێ ستا لە پۆلی سخانەوە ڕا ستەوخۆ هاتومە تە ئ ێرە، من کا غەزە پێویستەکانم ئیمزا کردووە. شاهێدەکان بونە تە دە ستەبەر بۆ رەف تاری چاکی من. مە سەلەکە بڕاوە تەوە . بە هەرحاڵ پێویستە تۆ لە ئێمە بگەیت، کە دەبینیت وا بە ئازادی لە پێش تۆم، من دەبێ ئەوە ڕوون بکەمەوە...

دە بێ ئەوە بڵێم پۆلیسخانەکەی ئێوە زۆر بە خرا پی بەڕێوە دە چێت. چونکە پا شان ، ئەوەی من ئێستا بە تۆی دە ڵێم ، پێویستە تۆ بیزانیت. ئەوەش تاقە ئەنجامگیریە کە من دە توانم پێی بگەم.

**دووەم پۆلیس:** تۆ هەڵەیەك دەکەیت. ئێمە پەیوە ندیمان بە پۆلیسخانە خۆجێییە کەی ئێرەوە نی یە. ئێمە نێردراوین دەر بارەی تاوانێکی جیا پرسیارت لێ بکەین.

**تاران:** دیسان دەپرسم مەبەستت چی یە لە...

**یەکەم پۆلیس:** تۆ بەوە تۆمەتباریت کە کاغەزت جێ هێشتوە.... لە ناو کابینەی خۆشوشتن دا.

**دووەم پۆلیس:** تۆ وا دەزانیت دەتوانیت حەزت لە چی بێت بیکەیت. لە ئیستا بە دواوە تۆ دەبێت بیزانیت کە پێویستە کابینەکان بە خاوێنی بەجێ بهێڵیت.

**تاران**( بە شێوەیەکی شەڕخوازانە): من ئەو کەسە نیم. وا رێکەوتووە کە نە دوێنێ و نە ... ڕۆژێکی تر من کابینەم نەگرتووە، ئەوا نەش تەنها ئەو کاتا نەن کە من بەم دواییا نە خۆم شو شتووە. (وەستان) بێ گومان من عادەتەن کابینە دەگرم. من ڕقم لەوەیە لەسەر کەنار خۆم ڕووت بکە مەوە و خەڵك بتوانێت بمبینێت. هەروەها پێویستە هەموو جۆرە خۆئامادەکاریەك لە دەوروبەری خۆ تدا بکەیت، ئە گەر نە تەوێت بەوردی بکەوی تە بەر چاوی خەڵکی، هەموو ئەو خۆئامادەکاریا نە ما ندووم دە کەن، لە مەش

پتر ئەوانە وادەکەن کات بەفیڕۆ بدەم کە من دە مەوێ لە شتی تردا (پێدە کەنێت) بەکاری بھ ێنم.. کە بە سوودتر ب ێت. (گرێ شمەیەکی ناد یار دە کات) ئە مە... کارێکە کە پانتۆڵە کەت دەهێنیـ تە خوارەوە و دوای ئەوەی کرا سەکەت لە دەوری قایشەکەت قایم دەکەیت، لەوانەیە بەریش ببێ تەوە ، پێوی ستە تۆ وریا بیت. (وەستان) تۆ پێم دەڵێ یت تۆ هەمی شە دەتواذ یت بچیتە پشت کابینەکان، بەڵام لەوێ لیمەکە هەرگیز ناگۆڕدر ێت و هێندە پیسە... من دوو دڵم لەوەی بچمە ئەوێ.

**یە کەم پۆلیس** ( ئەو بەڵگەنا مەی هەڵیگرتبوون دەدات بە پرۆفێ سەر تاران) : زۆر چاکە. ئێ مە تەنھا ئەوەت لێ داوا دە کەین ئەو ڕوونکردنەوە یە بدەیت. *من سوێند دە خۆم کە کابیـ نەی خۆ شو شتنم نەگرتووە هەر لە... ئەو کا تە و ئەو کا تەوە* ، ئیذ جا ئیمزای بکە . ئەمە زەحمەت نی یە.

**دووەم پۆلیس:** دوای "ماوەی ئەو کاتە و ئەو کاتە" ، ئەگەرپێت ڕا ستەو پێتخۆشە دەتوانیت ئەوەشی بخەیتە سەر و بنووسیت "چونکە من پارەم نەبوو."

**تاران:** ئەمە ڕاستە من پارەم.... پێ نەبوو . ئە مە لە هەموو کە سێك ڕوودەدات ، کاتێك پارەکەی لە ماڵەوە بە جێ دێڵێت. بێ گو مان ئە مە بە شتێکی سەیر دە چێت کە هەمان شت دیـ سان دوای چەند ڕۆژێکی تر دووبارە ببێتەوە. بەڵام ئەگەر بەڕا ستی بیری لێ بکەیـ تەوە ، ئە مە شتێکی یەگجار ڕووکە شە.... شتەکان

هەمیشە بەدوای یەکدا دێن. ئە مە سەیرە، بەڵام ...ڕا ستی یە.
بەڵێ، کە دواجار چومە سەرکەنار، دیسان پارەم لە بیر کرد بوو.
تۆ پێم دەڵێ یت دەمە توانی بۆی بگەڕێ مەوەو بە شوێن
هەنگاوەکانم دا ب چمەوە، بەڵام ناتوانم ئەوە ب کەم، هەرگیز
نەمتوانیوە وا بکەم. بەسەر ڕێگەیەکدا بڕۆم و بیرلەوە بکەمەوە
دیسان بەسەریدا بگەڕێمەوە، هەموو وردەکار یەکان سەر لەنوێ
ببیند مەوە، من تا قەتی ئەوەم نی یە. ( شێوەدەنگی خۆی
دەگۆڕێت) لە پاڵ ئەوەشدا، بەگشتی من حەز بە رۆیشتن نا کەم،
من ناتوانم کاتێك بەپێیان دەڕۆم کار بکەم.

**دووەم پۆلیس** (دەفتەرێکی تێبینی لە گیرفانی دەردەهێن ێت): ئەرێ تۆ ئەو شتە دەناسیتەوە؟

**تاران**: بەڵام ئەمە دەفتەر تێبینی منە ...چۆن بەدەستت کەوتووە؟ وەڵام بدەوە. من فرما نت پێ دە کەم وەڵا مم بدەی تەوە . ئەوەم هەمیشە لەگەڵدا بووە، من هەرگیز بە بێ ئەو نیم. من ئەو هەموو بیرۆکا نەی لەماوەی ڕۆژدا دێ نە مێ شکم ت ێدا دەنوو سمەوە، ئەو بیرۆکا نەی کە دوا تر پەرەیان پێ دەدەم ... نەخێر، تۆ ناتوان یت دە قی تەواوی یەکێك لە وا نەکانمی ت ێدا بدۆزی تەوە . ( بە پێکەنی نەوە) هەموو دەف تەری تێبینیە کە ئەوە ندە گەورە ناب ێت...کۆڕ و وا نەکانم در ێژن، زۆر در ێژن. جارێك برادەرێك دڵنیای کردمەوە کە هیچ شتێکی وا در ێژ لە هیچ زانکۆیەکدا ناگوترێتەوە. من چەند کاتژمێر بە بەردەوامی

خەریکی دەبم.... هەندێکجار تەنا نەت تا درەنگی شەو لە سەر سەکۆی وتاربـ ێژی دەمێنـ مەوە ... کاتـ ێك من قـ سە دە کەم گلۆپەکان هەڵکراون و هەرگیز قوتابی نویٚ لە هاتنە ژوورەوە بە ناو دەرگا کراوەکاندا ناوەستن. بەشێوەیەکی سرو شتی من حەز لەوە نا کەم، لە بەر هەراو هۆریایە کە و ئەو کور سیانەی دەیانجوولێنن. بەڵام لە ماوەی ڕۆژدا خەڵك زۆر کار یان هە یە ناتوانن دە ستبەرداری بن ، ئەگەر چی زۆر یش دەیا نەویٚ بێن...دەبێ تۆ خۆت لە شوێنی ئەوان دابنـێ یت. بەتایـبەتیش کۆڕ و وا نەکانی من ئەو بارودۆ خە زیادـ یان پیٚ ناگە یەنێت. وانەکانم بەشێوەیەکی وا دابەشکراون کە تۆ دەتوانیت بەئا سانی بەدوای بەشێکی دابچیت بەبیٚ ئەوەی وەك پێویستە گوێت لەوە بووبێت کە پێشتر چی با سکراوە...ئەوە واناگە یەنێت من خۆم دووبارە دەکەمەوە. نەخێر بەڵام لە سەرەتای هەر بەشێك ، من کورتەیەکی ئەوەی کە لە پێشتر گووتومە پێشکەش دە کەم ، جا ئەو کورتەیە، لەوە بە دوورە بیٚ سوود بـ ێت، چونکە هە ندێك ڕووناکی دەخاتە سەر ئەو کێشەیەی من تاوتوێی دەکەم.

**یە کەم پۆلیس**: لە دەفـ تەری تێبیـ نی تۆدا چەند لاپەڕە یەك هەن بە دەستخەتێك نووسراون کە هی تۆ نین.

**دووەم پۆلیس** (دەفتەرەکەی تێبینی بۆ پرۆفێسەر تاران ڕادەگرێت بەبیٚ ئەوەی پێی بدات): ئا لێرە بۆ نموونە.

(هەردوو پۆلیس دەوری پرۆفێسەر تاران دەگرن)

**تاران**( بە سەر دەفـ تەر تێبینیە کەدا خۆی خواردەکا تەوە، کە دووەم پۆلیس هێشتا ڕایگرتووە): بەڵام نا، سەیرکە، ئەوە منم ، من. من بەڕوونی دەیناسمەوە. نوسینی من زۆر تاقانەیە!

**دووەم پۆلیس**: کەواتە بۆمان بخوێنەوە چیت نووسیوە.

**تاران** (هەو ڵدەدات ئەو لاپەڕە یەی نی شانیدراوە ل ێك بدا تەوە) : من دە مەوێت.... پێمخۆ شە... حەزدە کەم ... ئە مە ڕا ستە، لەلام زەحمەتە لێکی بدەمەوە. بەڵام ئە مە هیچ نا سەلمینێت. کاتێك زۆر خێرا دەنوسیت ، هەرکە دەڕۆیت، بۆ نموو نە ، زۆر جار کە دەڕۆم دەنوو سم، جار وا یە وا ڕوودەدات کە نەتوانیت بیخوێنیتەوە .

**یەکەم پۆلیس**: نووسەری دەفتەری تێبینی پێویستە ئەوە تەواو بکات کە لەلای زەحمەتە بیخوێنیتەوە.... لە ناو دەفـتەری تێبینیە کەی خۆیدا.

**دووەم پۆلیس**: وا پێدەچێت کە...

**تاران** (زراوی چووە): من ویستوومە نووسینی یەکێکی دی بدزم؟ بەڵام بۆچ؟ لەبەرچی؟

**یەکەم پۆلیس** (بە پێکەنینەوە): من نایزانم. تا هەندێکی لێ بگۆڕێت...

**تاران** (دەستی درێژدەکات): تکایە، بمدەرەوە.

(دووەم پۆلیس دەفتەری تێبینیەکە لە پشت خۆی دەشارێتەوە)

**یەکەم پۆلیس**: هێندە زووش نا!

**دووەم پۆلیس:** پر سیاریکی تر . بۆ چی تەنها لا پەڕەکانی ئەم سەر و ئەوسەری دەفتەرەکە لیّ یان نوسراوە؟

لاپەڕەکانی ناوەڕاست...

**تاران:** لا پەڕەکانی ناوەڕا ست؟ نەخێر باوەڕ نا کەم. ماوە یەکی زۆر لەمەو بەر ، من ئەو دەفتەر تێبینیەم بە تەواوی پڕ کردەوە. دەفتەرێکی ... زۆر کۆن بوو دیسان چوومەوە سەر خوێندنەوەی ، بە دوای هەندیّ را ستیدا دەگەڕام کە پێویستم بوو. من لە بیر مە... من لە هەموو لاپەڕە یەکم نوو سیبوو، تەنا نەت لە پەراوێزەکانی شدا، هەمووی من پڕم کردۆ تەوە، من پڕم کردۆتەوە، گوێت لێمە؟

**دووەم پۆلیس** ( دەفتەر تێبینیە کەی پیّ دەدات): ئەوەتا بۆ خۆت بیبینە.

**یە کەم پۆلیس:** تۆ هێ شتا هەموو لا پەڕەکانتت بەکار نەهێناوە، ئە مە مەسەلەکەیە.

**تاران:** بەلّیّ ئە مە ڕا ستە : لێرە بۆ شاییەك هە یە . لە ناوەڕا ستەوە بۆشایی هەیە!

**دووەم پۆلیس**( بە پێکەنینەوە) : ئێمەش هەر وامان پێت گوت.

**تاران:** من ڕوو نی دەکە مەوە... زۆر ئا سانە... هە ندێکجار من دەفتەری تێبینیە کەم لەم سەرەوە دەکە مەوە، هە ندێکجار لەو سەر... تێگەیشتی ... ئۆه، من دەزانم ئێوە بۆ ناڕازین. ئێوە دەتا نەوێت ب لێن " بەلاّم کە وا یە بۆ چی هەمی شە بە هەمان ئاڕا ستە

نووسراوە؟ ئەگەر تۆ لە هەردوو سەرەوە دەست پێ بکەیت، ئێمە نەمان دەتوانی یەکسەر بیخوێنینەوە." بەدڵنیایی ..... من تەنها گوێ دەدەم بە.....

( هەردوو پۆلیس دە چنە دەرەوە. تاران هە ست بە چوونەدەرەوەیان ناکات و بەردەوام دەبێت لە قسەکردن)

ئە مە ئا شکرایە دەم توانی گوێ بەوە بدەم کە لا پەڕەکان پازنەدەم.... و ئەمەش رووی نەدەدا.... بەڵام وەك دەبینن من بیرم شا شە.... زۆر مرۆ ڤی تو ێژەرەوە، کە سانێك کە بەدوای زانیاری دا بگەڕێن.... بۆچ، نزیکەی هەموویان وان، ئە مەش لای هەمووان زا نراوە. ( بە پێکەنی نەوە) چەندین چیرۆك لەم بارەیەوە هەیە. ( لە پڕەوە هەست بەوە دەکات بەتەنیایە، ئەو یەکسەر بەلای ڕا ستدا دە چێتە دەرەوە . لە دەرەوەی شانۆدا) چاوەڕێبکەن... من هێ شتا ڤ سەی خۆمم ئی مزا نەکردووە. تەنانەت ئێوە قەڵەمیشتان پێم نەدواوە و منیش قە ڵەمم پێ نیە... لە ڤاتی سەرەوە، من لە ڤاتی سەرەوەم بەجێ هێشتوە! بەڵام ناتوانم بچم و بیهێنم.... من نازانم، بۆ چی کلیلە کەم لەسەر تەختەکە نی یە و ژنە بەڕێوەبەرەکە وەکو عادەتی وا یە چۆتە دەرەوە! گوێتان لێمە؟... (هاواردەکات) هۆو! کێ لەوێ یە!

( دوای تاوێك، دیسان لەلای ڕاستەوە دێتەوە ژوورەوە، دەفتەری تێبینیەکەی هەر بە دەستەوەیە. بەدەم پیاسەوە) من تێنا گەم بۆچی ئەوان بەم جۆرە ئێرەیان جێ هێشت، بەبێ ئەوەی هیچ

بـ ڵێن. ئەوان د ێن و دەڕۆن... ئەوان وا بیر دەکە نەوە شتێکی سروشتیە پیاوێك بـێزار بـکەن کە کاردەکات و پێویستیـشی بە کەمێك هێمنی هەیە بۆ ئەوەی ئیشەکەی خۆی ڕێك بخات.

( ئەو چەند هەنگاوێك دەهاو ێت. ژ نە بەڕێوەبەرە کە لەلای چەپەوە دێ تە ژوورەوەو لە ژ ێر بالی دا ڕۆڵە یەکی گەورەی کاغەز هەیە, بەرەو لای ژنەکە دە چێت): ئەریٚ هیچ نامە یەك بۆ من نەهاتووە؟

**ژ نە بەڕێوەبەرە کە:** نەخێر، پرۆفێسەر، تەنها ئە مەیان نەبێت. پێم گوتراوە کە یەکسەر بیدەم بە تۆ.

(ژنەکە ڕۆڵە کاغەزەکەی بۆ ڕادەگرێت)

**تاران** (وەریدەگرێت): سوپاس.

( ژنە بەڕێوەبەرەکە دەچێتە دەرەوە. پرۆفیسەر تاران دەفتەری تێبینیەکەی لەسەر مێزەکە دادەنێت، لەسەر چۆکان دادەنیشێت و ڕۆ ڵە کاغەزە کە لەناوەڕا ستی تەختی شانۆدا پان دەکا تەوە. ئەوە نەخ شەیەکی گەورە یە کە هێڵ کاری بە سەرەوەیە، بە مەرەکەبی هیندی کێشراوە. پرۆفێسەر تاران لەسەرچۆکان خۆی بە سەر نەخ شەکەدا چەماندۆتەوە و لە بەرخۆوە بەپ تە زمانیەوە):

پێویستە هەڵەیەك لەو مەسەلەیەدا هەبێت. بەدڵنیایەوە نابێت ئەوە بۆ من ناردرابێت... کە چی، بۆ پرۆفێسەر تارا نە، ئە مە بەڕاستی بۆ منە، هیچ گومان لەوە دا نیە.

(بە هاوارکردنەوە) خانم.

(ژنەبەڕێوەبەرەکە لەلای چەپەوە دێتە ژوور)

**ژنە بەڕێوەبەرەکە:** پرۆفێسەر، ئەتو بانگت کردم؟

**تاران** (هەڵدەسێتەوە): کێ ئەو نەخشەیەی پێدایت؟

**ژنە بەڕێوەبەرەکە:** من کە هاتمە ژوورەوە لەسەر مێزەکەم دۆزیمەوە. پار چەکا غەزێکی پ ێوە قایم کرا بوو لێ ی نوو سرابوو "ڕاستەوخۆ بدرێت بە پرۆفێسەر تاران." من هەر ئەوەندە دەزانم.

(پرۆفێسەر تاران دیسان لەپێش نەخشەکە دەکەوێتە سەرچۆکان و لێ ی ورد دەبێتەوە. جین لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورە. ئەو ژنێکی گەنجی ڕەشتاڵەیە کە ڕوخسارێکی ئاسایی و دەنگێکی نەرمی هەیە. ئەو هیچ سەرسوڕمانێك دەرناخات و بە دەوری نەخشەکەدا دەسوڕێتەوە بۆ ئەوەی بە سەریدا نەڕوات، لە لای چەپی تەختەی شانۆوە لەوسەری نەخشەکەوە دەوەستێت.)

**جین:** ئێرە خۆشە.

**تاران:** جین، شتی هەرە نائاسایی لەگەڵ من دەقەومێت.

**جین:** نائاسایی! تۆ دڵنیایت؟ لەلای تۆ هەمیشە هەموو شتێك هەرە نائاساییە. (بە پێکەنینەوە) وای چ برایەکەم هەیە!

**تاران** : بە وردی گوێم لێ بگرە... من هەر ئێستا ئەو نەخشەیەم بۆ هات. ئەوە نەخشەی ژوورێکی نانخواردنە لە ناو کەشتیەك لەوە

دەكات كە من ڕاڕەوێكم لەوێ گرتبێت. تەنها ببینە، من هیچ ڕاڕەو و ڕێچكەیەكم لە ناو كەشتی نەگرتووە...

**جین**( دە چێتە سەر نەخشەكە و خۆ بە سەر نەخشەكەدا دە چەمێنێتەوە) : بە پێ ی ئەو نەخشەیە، ئەمە ژوورێكی گەورەو جوانی نانخواردنە.

**تاران**: بەڵێ، گەورەیە.

**جین**: من زۆرجار بە وێنەكانی (سەرۆك وێڵێنگ)ەوە دلگیر بووم كە لە نمایندەی گەشتوگوزاریدا هەن. بەدڵنیا یەوە ئەمە خێراترین و خۆشترین هێڵی كەشتیە كە هەبێت.

**تاران**: ڕەنگە وا بێت. ڕاستیەكە ئەوە یە كە من هیچ ڕاڕەوێكم لە ناو ئەو كەشتیە نەگرتووە و لە هیچ كەشتییێكی تریش نا....

**جین**( زیاتر خۆ دە چەمێنێتەوە، تا دە ستی بە پانی دەكەوێتە سەر نەخشەكە): تۆ گلەیی و سكالاَت لەچی یە؟ تۆ ڕێزێكی زۆرت لێ گیراوە. (نیشانە بۆ جێگا یەكی سەر نەخشەكە دە كات) تۆ دەبینیت؟ ئەو نیشانە(+) ڕاست و چەپە شوێنی تۆیە. تۆ لەسەر مێزی كاپتن دایت و لە ناوەڕاستیش دایت.

**تاران**: هیچ لەو قسانە ئەوە ڕوون ناكەنەوە بۆچی من ڕاڕەویكم لە ناو كەشتیدا گرتووە. بچمە كوێ؟ ئەوەندەی من بیزانم ، مرۆڤ بە كەشتی هێڵ ناچیتە بەلچیكا.

**جین**: تا جێگای وا باشت پێ بدەن ، دەبێ ئەوان بزانن تۆ كێیت.

**تاران:** هەڵبەتە وایە ... ئەوە بەرێکەوت نییە منیان لەسەر مێزی کاپتن دا ناوە، لە تەنیشت خەڵکانی زۆر گرنگ... بەڵام من هیچ مەبەستێکم نی یە ئەوەندە دوور برۆم. هیچ هۆیەك نی یە من وا بکەم. من هیچم نی یە بۆی بچم... یان لێ ی بترسم.

**جین** (هەڵدەستێتەوە و زۆر بە قیتی ڕادەوەستێت) : تۆ دەبێت ڕۆژێك بەکارێکی زۆر قورسەوە زۆر ماندوو بووبێت و پلیتت بڕیبێت. ئێستاش تۆ ماندوو نیت و لە بیرت نەمابێت پلیتت بڕیوە.

**تاران** (بەبێ ئاگاداریەوە): لەوانەیە.

**جین:** بەڵێ، جاروا یە وا ڕوودەدات خەڵك شتگەلێك دەکەن و دوا تر لەبیریان نامێنێت. زۆرجاران من شانەکەم دیار نامێنێت و لە ناو قژمایە. ئەوە سەیرە، تۆ ئەو ساتە کەمێك بێزار دەبیت و دوا تر پێدەکەنیت... (ژنە پێدەکەنێت و دوا تر بەجەرگسۆزیەوە) من نامەیەکی تۆم پێ یە.

**تاران** (زۆر بە خێراییەوە): لە بەلچیکاوەیە؟

**جین:** من نایزانم. لەسەر پولەکەیدا وێنەی پەیکەرێك هەیە و هەندێك نووسینیشی لەسەرە.

**تاران:** بەڵێ، شێری شاهانەی بەلچیکایە!

**جین:** دەبوا یە من پارەی سەربارم بدابا یە. ( بە پێکەنینەوە) من بەتەواوی کیسەپارەی خۆم بەتاڵ کردووە.

**تاران:** منیش هەروام بیرکردەوە. سەرەنجام نامەکەی سەرۆکی زانکۆم بۆ هات. (وەستان) دەبمدەریٚ. بۆچی نامدەیتیٚ؟

**جین:** من ویستم بۆت بخوێنمەوە.

**تاران:** بمدەریٚ.

(ئەو دەیەوێت نامەکەت ببات، بەڵام جین بەرگری دەکات)

**جین** (نامەکەی پێدەدات): با بەدڵی تۆ بێت!

**تاران:** نەخێر بیخوێنەوە.

( جین لە سەر قەراغی مێزە کە دادەنیٚ شێت و بەر گە نامە کە دەکا تەوە. پرۆفێ سەر تاران بە راوە ستاوی لە تەنیٚ شتی دەمێنێتەوە)

**جین**( بە دەنگێکی ئاسایی دەخوێنێتەوە کە تا کۆتایی شانۆییەکە هەروا دەمێنێتەوە): "گەورەم، دوا نامەت بەلگەی بیٚ ئارامی تێدا بوو ، پێویستە من دانی پێدا بنێم کە سەری سوڕماندم..."

**تاران** (تر ساوە): من زا نیم . من زۆر شڕو شپڕێو بووم، من ئەوم بێزارکرد....

**جین** (دەخوێنێتەوە): " بە هەرحاڵ، بەوەی کە سەرنجت بۆ لای باری تەندروستی خێزانە کەم ڕابکێشم، بە تەواوی هۆی دوا کەوتنم لەوەڵامدانەوەتدا ڕوونکردۆتەوە..."

**تاران:** هەڵبە تە وا یە، دەبوا یە هەواڵی تەندرو ستی خێزانە کەیم لیٚ پر سیبوایە. بەڵام با ئەو خۆی لە شوێنی من دانابوا یە. لە نامەکەمدا من لەبارەی هەندێك با بەت کە لە دڵما بوو قسەم

کرد بوو، ئا سانیش نەبوو لە بابەتێ کەوە باز بدە مە سەر بابەتێکی تر. (وەستان) ئۆه، بەڵێ، خێزانەکەیم لەبیر نەبوو.

**جین** (دەخوێنێ تەوە): " لە بارودۆخێکی وادا ڕەن گە نەتوانم ئەو ئامادەکاریانەت بۆ بکەم کە سەردانی دووەمت پێویستیەتی...."

**تاران:** جا ئەو وا دەزان ێت کەس ناتوان ێت جێ ی ئەو بگرێ تەوە.... کەسانی تر هەن کە هەمان توا نای ئەوەیان هە یە هەمان ئەو ئامادەکاریا نە ب کەن کە ئەو دەی کات... خەڵکی دی هەن زۆر دڵخۆ شن بەوەی خز مەتی من ب کەن، هەموو هەنگاوە پێویستەکان بهاوێن.

**جین** (دەخوێنێ تەوە): " پێوی ستە ئەوە شت پێ ڕاب گەینم من سەرم سوڕما کاتێك زانیم لەکاتی دوا سەردانتدا تۆ ئەوەت پ شتگوێ خستبوو کاتی تەواوی کۆڕو وا نەکانت بە سکرتێرەکە بڵێ یت، بەمەش هاوکارانی خۆتت ناڕەحەت کردبوو، ئەوان نا چار بوون لەدوایین ساتدا خشتەی وانەکانیان بگۆڕن..."

**تاران:** بەڵام ئەوان پێیان خۆشبوو .

**جین** (دەخوێنێتەوە): " من ئەوەشم زانیووە کە تۆ گفتوگۆکانت لە کاتی ڕێ پێدراو درێژتر کردۆتەوە...."

**تاران** : من لە بەر دەوڵەمە ندی بابەتە کە نا چار بووم کۆڕ و وا نەکانم درێژ بکەمەوە.... نەدەکرا من چیتر بکەم.

**جین**( دەخوێنێتەوە): " لە کۆتای یدا، بە من گوتراوە کە ڕا و سەرنجی قوتابییەکانت بە جۆرێکی بەر چاو کەم بۆ تەوە ، تەنا نەت هی

هەندێکیان گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی بە دەنگی بەرز قسە بکەن و هۆڵی وانەکان جێ بهێڵن بەر لەوەی تۆ تەواو ببیت."

**تاران:** کێ و ێراوە ئەو درۆیا نەی پێ بڵێیت؟ ئەی چۆن ئەو هێندە خۆشباوەڕە؟

ئەوە شتێکی بێ مانا یە! ئەگەر کاتێك من وانەکەم دەگوو تەوە هۆڵەکە چۆڵ بووایە ، من دەمبینی. من دەوەستام ... ئێستا، من هەرگیز نەوە ستاوم.... بە پێ چەوانەوە من بەردەوام قسەم دەکرد و بێ ئەوەی دەنگم نزم بکەمەوە. (وەستان) من هەرگیز بۆ تاوێکیش دەنگی خۆمم نزم نەکردبۆوە.

من دەزانم بەرێ کەوت هەندێك قو تابی پێش کۆتاییە کەی ڕۆیشتن. بەڵام ئەمە لەبەر ئەوە بوو کە دەبوا یە بە شەمەندەفەرەکانیان ڕابگەن . ئەوان لە شارۆچکەیەکی ترەوە هاتبوون ، بە تایبەتی بۆ ئەوەی گوێم لێ بگرن ، ئەوەش تا قە شەمەندەفەر بوو بۆ ئەوێ .... ناکرێ بەوجۆرە یان بە هیچ جۆرێك گلەیی لەو قوتابیانە بکرێت....

لەبارەی ئەو مرە مرەی جارێك لەلای پشتەوەی هۆڵەکە پەیدا بوو ، من دەزانم چی ئەوانی وروژاند... هەندێك کیژ دەبووا یە دوو یان سێ گەنج دەمە کووت بکە نەوە کە لە پشتیان دانیشتبوون و هاواریان دەکرد" ئای لەو بیرکردنەوە ڕوونە! وای لەو لێکدا نەوە بەهێزە!" من لێ یان تووڕە نیم : ئەوان بە

دڵسۆزیەوە تێبینیان دەنووسیەوە. ئەمە بە تەواوی ئاسایی یە ئەوان پێ لەسەر دەمکووتکردنەوەیان دا بگرن.

**جین** (دەخوێنێتەوە): "هەموو ئەمانە بایەخێکی کەمیان هەیە ، ئەگەر تەنها لە بەهای وانەکانتان نەپرسینەوە ، بەڵام ئەمە مەسەلەکە نیە . خستنەڕووەکانی ئەم دواییا نەت بۆ من زۆر نارێك بوون...."

**تاران**: نارێك! چەند ئاسانە بۆ گوتن! وەك بڵێیت تۆ هەمیشە بتوانیت یەك سەر بچیتە سەر خاڵە سەرەکیەکە! وەك بڵێی هیچ مەسەلەیەك نەبوو تۆ لەوانی تر پتر لێی بکۆڵیتەوە، چونکە ئەوان بەتایبەتی پەیوەندیان بە خۆتەوە هەیە و کارت تێ دەکەن...( ئەو بە پەنجەی خۆی لەسەر سنگی خۆی دەدات)

**جین** (دەخوێنێتەوە) : "هەندێ خاڵ من بەڕاستی حەزم لێ بوو. بەڵام من پێم خۆشتر بوو بیانمبینیایە بەشێوەیکی وردتر گەشەی پێ بدرابووایە و ڕەنگە بڵێم ڕاستگۆیانەتر بووایە . ئەو بیرۆکانەی تۆ دەریان دەبڕیت پتر هی پرۆفێسەر میناردم بە بیردێنێتەوە ، ئەوان تا ئێستاش بە بەرزی هەڵسەنگێندراون. نەك بڵێی من ڕام لەو بیرۆکانە نی یە . بەپێچەوانەوە ، من وا بیر دەکەمەوە ئەوانە شایەنی گەورەترین بایەخ پێدانن. بەڵام تۆ چۆن دەتوانیت دیارکردنی سەرچاوەی زانیاریەکانت پشتگوێ بخەیت و وا پێشکەشیان بکەیت کە ئەمە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی

تای بەتی خۆ تە، کە چی ئە مە بەر هەم هێنا نەوی کارێ کە هەموومان دەیزانین و پێیەوە دلگیرین...."

**تاران** (بەورەرووخاو یەوە بە سەر مێزە کەدا دە چەمێتەوە و پ تەپت دەکات): ئەوە ڕاست نی یە.... ئەوە ڕا ست نی یە..... ئێمە لە هەمانکا تدا هەمان بیرۆ کەمان هەبوو. ئەم شتانە ڕوو دەدەن. ئەمە یەکەمجار نی یە.

**جین** (دەخوێنێ تەوە) : " لەوا نە بوو من سەرنجەکانی خۆمتم پێ ڕانەگەیاندبا ، ئەگەر لە چەندین سەرچاوەوە نامەم بۆ نەهاتبا، ئەوانیش نیشانە بەوە دەکەن من بێ زەوقم."

**تاران** (بە ڕاچڵەکینەوە بە قیتی هەڵدەستێتەوە): ئەوان هەموویان بۆیان نووسیوە! من دەمزانی وا دەکەن. من بە وردی چاودێریم کردن کاتێك قسەم دەکرد، ئەوان فلاْتەفلتیان بوو و دە یانگوت: ( بە دەنگێ کی تـ یژ هاوار دە کات) " ئەو چاویلکەکانی پرۆفێ سەر میناردی دزیووە. ئەو لە هەموو شتێك وەك پرۆفێ سەر می نارد دە کات. بەد بەختی یە ئەو لەم بـ چووکترە." نازانم چ قـ سەی قۆڕی تریشیان دەکرد....

ئەگەر تەنها ئەوان ئەوەندە ئازابووان و هەڵساببوان و ئەو قسە هێ ندە تر سنۆکانەی بۆ یەکتریان دە چرپاند لەڕووی منـ یان بکردابووا یە، ئەو سا من هەڵدە سامەوە و دەمـ گووت: ( بە ڕوخسارێکی وتاربێژانە، دەنگی بەرز دەکاتەوە) جوامێران....

**جین** (دەخوێنێتەوە): "لە ئەنجامی ئەو ڕاستیانەی باسمان کردن ، من ناتوانم لێت بگێڕمەوە بۆ کۆنگرەی داهاتوومان.

"باوەڕم پێ بکە , من بەداخەوەم چونکە ئەو ڕایەی لەسەر تۆ هەمبوو دەبێ بیگۆڕم."

( جین هەڵدەستێتەوە و بە هێمنی نامە کە لە سەر مێزە کە دادەنێت ، ئامادە دەبێت بۆ ڕۆیشتن. پرۆفێسەر تاران بە تووندی مێزەکە دەگرێت بۆ ئەوەی بەرنەبێتەوە)

**تاران**: بۆچی دوای ئەم هەموو ساڵانە وام پێ دەڵێت ؟ بۆچ زووتر ئەمەی پێ نەدەگووتم؟ بۆ چی ئەوان هەموویان وا یان پێ نەگوتم؟ چونکە ئەمە ئاشکرایە! هەر یەکسەر دیارە!

(کاتێک پرۆفێسەر تاران قسەدەکات، جین بە وریایییەوە بە دەوری نەخشەکەدا دەسوڕێتەوە و بە هێواشی لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە.

پاش دوا ڕستە، پرۆفێسەر تاران ڕوو دەکاتە لای نەخشەکە و تا ماوەیەکی زۆر تەماشای دەکات.

ژنە بەڕێوەبەرەکە لەلای چەپەوە دێتە ژوورەوە. بە بێ ئەوەی تەماشای پرۆفێسەر تاران بکات، ژنەکە هەندێک شت کە دیکۆڕی لێ دروست دەکرێت (کورسی و هتد) هەڵدەگرێت و دەیانبات بۆ ناو قاوشەکە. سەرشانۆ بەڕووتی دەمێنێتەوە. تەنها دەفتەری تێبینیە کە و ئەو نامە یەی ژنە بەڕێوەبەرە کە بەر یدابۆوە لە سەر زەویە کە دەمێننەوە. پرۆفێسەر تاران تێبینی هیچی

نەکردووە. کاتێك ژنە بەڕێوەبەرەکە دەڕوات ، ئەو نەخشەکە هەڵدەگرێت و بەشێوەیەکی میکانیکیانە دەچێتە لای پشتەوەی شانۆ و بەدوای جێگەیە کدا دە گەڕێت لێ ی هەڵبوا سێت . ئامراز ێك لەمەو بەر دا نراوە. ئەو بەوە ستان لە سەر سەری پە نجەوە ، دەتوانێت نەخشەکە لە سەر دیوارە کە قیم بکات. نەخشەکە شتێکی پان و پۆڕ و خۆڵەمێشی و ڕێك و بە تەواوی بۆشە.

پرۆفێسەر تاران، پشتی لە بینەرانە، بۆ ساتێکی درێژ سەیری نەخشەکە دە کات، ئینجا زۆر بە هێوا شی دە ست دە کات بە داکەنینی جلەکانی.)

(پەردە دادەدرێتەوە)

(4)

# هێلانەیەکی خەیاڵی

## نووسینی : سیّدریك مۆنت

★ تێبینی: ئەم شانۆییەم لەم کتێبەی خوارەوە وەرگێڕاوە:

**C. E. Eckersley(ed.), Brighter English (London: Longman, 1966)**

**ناوونیشانی شانۆییەکە ئەمەیە:**

**"The Never-Never Nest" by Cedric Mount.**

# هێلانەیەکی خەیاڵی

کەسەکانی ئەم شانۆنامەیە :

جاك

جیلْ : هاوسەری جاك

پورە جێین

دایەنێك

# هێلانەیەکی خەیاڵی

***دیمەن: ئارامگای ڤیلاەی جاك و جیڵ ( نیو هامپستید ). کەلو پەلە پێویستەکانی ناو ماڵ بریتین لە مێزێك کە هەندێ شتی نوسراوی لەسەرە لەگەڵ دوو کورسی. کاتێك پەردە دەکرێتەوە ئارامگا چۆڵە، بەڵام دەم و دەست جاك و جیڵ دێنەژوور و (پورە جێین) یان بەدواوەیە.***

**جیڵ :** ئەمەش ئارامگاکەیە .

**پورە جێین :** خۆشە ! یەگجار خۆشە ! چ ژوورێکی بچکوڵە و گەرم و گوڕە ! ئای لەو ناوماڵە نازدارە !

**جاك** ( بە بێ فیزی یەوە ) : تۆ دەزانیت ئێمە بە دڵمانە . شوێنیکی خۆشە بۆ دانیشتن و گۆی گرتن لە ڕادیۆ .

**پورە جێین :** ئۆه ، چما ڕادیۆ و ئوتومبیل و پیانۆشتان هەیە ؟

**جاك:** بێ گومان، پورەجێین. مرۆ لەم رۆژانە دەبێ رادیۆیەکی هەبێ.

**جیڵ:** هەرکە جاك دەچێتە ئیش، من فەرامۆشیم بە رادیۆ دێ. بۆیە پێ ی دەڵێم بۆم بباتە ناندینێ تا کاتێ چێشت لێدەنێم گوێ ی لێگرم.

**جاك :** دانیشە ، پورە جێین . لەوانەیە ماندوو بووبیت - ئێمە هەموو شتێکمان نیشانت دا .

**جیلٚ :** پورە جێین ، رات چی یە بەرامبەر بەو هێلانە بچکۆلەمان؟

**پورە جێین :** خۆشەویستەکانم، بەڕای من یەگجاردلگیرە. چ کەل و پەلی ناومالٚ چ ئوتومبیل - چ پیانۆ - چ یەخچالٚ - چ رادیۆکە دەلٚیٚ ی، ئەوانە هەموویان یەگجار نایابن . بە راستی نایابن !

**جاك :** هەموویمان لە نێوچەوانی تۆوە پیٚ بڕا .

**پورە جێین :** بەلٚیٚ ، جاك هەر ئەوەشە سەری لە من تێك داوە .

**جاك :** سەری لە تۆ تێك داوە ، پورە جێین ؟

**پورە جێین :** بەلٚیٚ ئەو چەکەی وەك دیاری زەماوەندەکەتان پێشکەشم کردن - تەنها دوو سەد پاوەن بوو ، وانە بوو ؟ خۆ - خوا نەخواستە دوو هەزارم بە هەلٚە نەدابوونیٚ ؟

**جیلٚ :** بۆ ؟ نەء . پورەجێین . چی وای لیٚ کردیت وا بیریکەیتەوە ؟

**پورە جێین** ( هێوردەبێتەوە ) : دەباشە ، کەواتە تەواوە . بەلاٚم هێشتا سەرم لەمە دەرناچیٚ . ئاخۆ کریٚ ی ئەو خانووە نازدارە زۆر لە سەرتان ناوەستیٚ ؟

**جاك :** کریٚ ؟ نەخێر ، ئێمە کریٚ نادەین .

**پورە جێین :** بەلاٚم ، جاك ، گەر کریٚ نەدەن بوزگوڕتان فڕیٚ دەدەنە سەر شەقام . ئەمەش هەرگیز وا ناچێتەسەر . دەبیٚ بیرێك لە جیلٚ و کۆرپەکەی بکەیتەوە ، خۆ ئەوە دەزانی .

**جاك :** وانی یە ، وانی یە ، پورە جێین . تۆ لە نیازم نەگەیشتی . ئێمە کریٚ نادەین چونکە ئەوە خانووی خۆمانە .

**پورە جێین :** هی خۆتان ؟

**جیلْ:** بۆ! بەڵێ تۆ دەتوانیت بە تەنها دەپاوەنێك خانوویەك بۆ خۆت بكڕیت .

**جاك:** بڕوانە، پورە جێین، ئێمە زانیمان شتێكی چەند نائابوری یە ئەگەر ساڵ لە دوای ساڵ كرێ بدەین، لە كاتیكدا كە لە تواناتدایە خانووێك بكڕیت و بە كەیفی خۆت تێدا بمێنیتەوە بە تەنها دە پاوەندێك و چەند بەشە پارەیەكی تری هەفتانە . بۆ ببینە، كاكی كرێچی لەكاتێكدا دەتوانیین ببینە خاڵوی خاوەن خانوو؟

**پورە جێین :** بڵێ ئاوا! ئەم ماستە موویێكی تیایە. خۆ گەر وەك ئێوەش دەڵێن وا بێ ، دەبێ پارەیەكی باشتان هەبێ تا خانووێكی واتان دەست بكەوێ .

**جیلْ :** بەڵێ ، جاك پارەیەكی چاكی هەیە . بۆ هەر پار نەبوو كە پێنج شیلینگ زیادەی بۆ هات - وانەبوو ، جاك ؟

**جاك** ( بە بێ فیزی یەوە ) : لە راستی دا، ئەوە هیچ نەبوو . ئەم ساڵ چاوەرێ ی دە شیلینگم .

**پورە جێین** (لە نكاوڕا ): جاك ! ئێستا بیرم لە شتێك دەكردەوە . ئەم ئۆتۆمبێلە - هی خۆتە ؟

**جیلْ :** بێ گومان هی خۆمانە .

**پورە جێین :** هەمووی ؟

**جاك :** نەخێر . نەك هەمووی .

**پورە جێین :** چەندێكی ؟

**جاك:** سوكانەكەی و - تایەیەكی و - دوو سلندەریش . بەڵام ئەمە لای تۆ شتێكی دڵخۆشكەر نی یە .

**پورە جێین :** من هیچ شتێكی دڵخۆشكەر لەمە نابینم .

**جیڵ :** بەڵام كەمێك هەر هەیە، پورە جێین. گەرچی لە توانامان‌دا نەبوو یەكسەر ئۆتۆمبێلێك بكڕین - بەڵام ئێمە دەتوانین بە تەنها پێنج پاوەندێك بەوپەڕی خۆشی یەوە لەزەت لە ئۆتۆمبێل ببنین .

**پورە جێین :** وابزانم ئەوی تریش بەش بەش دەدەن .

**جیڵ :** دەم خۆش ، دەقاو دەق وایە .

**پورە جێین :** دەقاو دەق . ئەی رادیۆكە ؟

**جاك :** باشە ، ئەمە -

**پورە جێین :** ئەی پیانۆكە ؟

**جیڵ :** باشە ، بێ گومان -

**پورە جێین :** كەلوپەلی ناوماڵێش ؟

**جاك :** من - دەترسم ئەویش -

**پورە جێین :** وابزانم ئەوەی هی خۆت بێ تەنها ئەو پێ یەیە . (پەنجە بۆ یەكێكیان درێژ دەكات )

**جیڵ:** نەخێر، لە راستی دا، ئەمەیانە (پەنجە بۆ ئەوی تر درێژ دەكات)

**پورە جێین :** كەواتە هەموو ئەوانی تر هی ( مستەر سێیگ )ن؟

**جیڵ:** ئێ - وایە .

**پورە جێین :** کێ بڵێ من لەسەر ماڵی مستەر سێیك دانانیشم .
(هەڵدەستێتەوە ) . دەئێستا پێم بڵێن سەرجەمی هەموو بەشە پارەکان ( ڤیستەکان ) دەکاتە چەند؟

**جاك :** باشە ، لەڕاستی دا (پەرتووکچەیەك لە گیرفان دەردەهێنێ و تەماشای دەکات) لە راستی دا دەکاتە چواردە پاوەند و هەشتاو هەشت پەنس لە هەفتەیەکدا .

**پورە جێین :** ئەی خودا ! چما مووچەی تۆ چەندە ؟

**جاك :** ئەوەی ڕاستی بێ - دوانزە پاوەندە .

**پورە جێین:** بەڵام ئەمە هەر هیچ نی یە! چۆن دەتوانی هەفتانە چواردە پاوەند و هەشتاو هەشت پەنس بدەیت لەو دوانزە پاوەندە؟

**جاك :** ئەمە یەگجار ئاسانە . بەشە پارەکەی تر لە ( دەزگای ئابووری و چاودێری ئەمانەت) وەردەگرین .

**جیلَ :** ئەوان زۆر بەڕووخۆشی یەوە ئەوەندەی دەتەوێ پێت دەدەن لە بەرامبەر تەنها کۆمپیالەیەك .

**پورە جێین :** ئەی ئەم قەرزە چۆن دەدەنەوە ؟

**جاك :** ئەمەش هەر ئاسانە . ئەویش بەش بەش دەدەینەوە .

**پورە جێین :** بەش بەش ( شەپێك لە ناوچەوانی خۆی دەدات و بە بێ هێزی یەوە دەخزێتە باوەشی کورسی یەك . پاشان ئەوەی بە بیر دێتەوە کە لە سەر ماڵی مستەر سێیگ دانیشتوە .
هەڵدەبەزێتەوەو دیسان لە سەر پێ دەوەستی و زریکە ی لێ هەڵدەسێ . )

**جاك:** پورە جێین! هیچ شتێك رووی داوە؟ حەز دەکەیت پاڵ بکەویت؟

**پورە جێین :** پاڵ بکەوم ؟ وا دەزانیت جەستەم بە نوێنێك دەسپێرم کە هی مستەر سێیگ یان مارکەس یا سپێنەر یا یەکێکی تر بێت؟ نەخێر ، دەچمەوە ماڵەوە .

**جیلْ :** ئۆی ، بەڕاست دەتەوێ بڕۆیت ؟

**پورە جێین :** وا بزانم ، باشتر وایە بڕۆم .

**جاك :** تا وێستگا دەتگەیەنم .

**پورە جێین:** چی! سواری ئوتومبێلێك ببم کە تاقە تایەیەك و دوو شتی تری هەیە! نەخێر سوپاست دەکەم - بە پاس دەڕۆم.

**جاك :** باشە ، هەڵبەتە ، گەر تۆ بەم شێوەیە هەست بکەیت ...

**پورە جێین** ( تۆزێك دڵی نەرم دەبێ ) : لەوە پەشیمانم گەر بە ڕەقی لە گەڵتانا دوابم . بەڵام ئەمە نسکۆیەك بوو بۆ من کە بینیم ئێوە بەم شێوەیە دەژین . هەرگیز لە ژیانما پوولێك قەرزار نەبوویم - یاسای ژیانم ئەوەیە کە هەموو شتێك بە نەختی بکڕم . دەمەوێ ئێوەش بە هەمان شێوە بژین . ( جانتاکەی دەستی دەکاتەوە ). بڕوانن، دەم ویست ئەم چەکە بچکۆلانەتان بدەمێ ، هەرچۆنێك بێ. (( دەداتە دەست جیلْ)) هابیگرەو یەکێك لە قەرزەکانتی پێ بدەوە - تا بتوانیت بڵێ ی هەر هیچ نەبێ تاقە شتێك موڵکی خۆتانە .

**جیلْ** (بە شپرزەیی): زۆر سوپاس پورەجێین. ئەویش لە چاکەی خۆتە.

**پورە جێین** ( بە نەرمی لە قۆڵی دەدات ): ئینجا دەبێ من بڕۆم .

**جاك :** بە هەرحاڵ دەتگەیەنمە لای پاس .

**جیلّ :** خوات لەگەڵ ، پورە جێین - زۆر سوپاس بۆ دیارییەکەت ...

**پورە جێین** (ماچی دەکات): خوا حافیز ، گیانەکەم .

( پورە جێین و جاك دەچنە دەرەوە. جیلّ تەماشای چەکەکە دەکات و بە سەرسوڕمانەوە دەڵێ " دەپاوەند ! " خێرا دەچیتە لای مێزەکە، ناونیشانێك لەسەر زەرفی کاغەز دەنوسی. ئیمزای خۆی لە سەر پشتی چەکەکە دەکات، لەگەڵ لیستەی قەرز کە لە جانتاکەی دەردەهێنێ دەیخاتە ناوزەرفەکە.

زەرفەکە مۆر دەکات. زەنگ لێ دەدات و لە ماوەی تاوێکا دایەنێك دێتە ژوور کە شیرخۆرێکی بە باوەشەوەیە.)

**جیلّ :** دایەنەکەم. دەمەوێ ئەمەم بەغار بۆ بگەیەنیتە پۆستەخانە. من چاوم لە مناڵەکە دەبێ تا دێیتەوە .

**دایەن :** بە دڵنیایی ، مەدام . ( مناڵەکە دەداتە جیلّ . نامەکە وەردەگرێت و دەڕوات. )

( چرکەیەك پاشتر جاك دەگەڕێتەوە )

**جاك:** باش بوو، ڕۆیشت ! چ مرۆڤێکی ڕەق بوو ! بە هەرحاڵ هەندێك پارەی بۆ بەجێ هێشتێن . ئەرێ چەند بوو ؟

جیلّ : دە پاوەند .

جاك ( بە فیکەیەکەوە ) : پەه ! شتێکی مەزنە ! بەشی قەرزی دوو مانگی ئۆتۆمبێلکە دەکات .

جیلّ: وا - بزانم ناتوانین -

جاك : بۆ نەء ؟

**جیلّ :** بڕوانە - هەر ئێستا ناردم بۆ شتێكی تر . دام بە دایەنەكە و ئەویش بردی بۆ پۆستەخانە .

**جاك :** دەباشە ، پێم نالّێ ی بۆ كێت نارد ؟

**جیلّ :** بۆ دكتۆر مارتن .

**جاك :** دكتۆر مارتن ! چی وای لێ كردی ئەمە بكەی ؟

**جیلّ** ( ئەوەندەی نەماوە بگری) : بوەستە ! لێم تورە بوویت .

**جاك :** تورەنیم! بەلّام بۆ ئەو پارە چاكە لە دەست دكتۆران دەكەیت؟ دكتۆر بە هیچ شێوەیەك چاوەڕێ ی ئەوە نییە پارە وەربگرێ.

**جیلّ** ( كەمیك هەنسك دەدات ) : بەلّام - تۆ - لێم تێ ناگەی -

**جاك :** لە چی تێ بگەم ؟

**جیلّ :** بۆ ؟ تەنها یەك قەرزی ترمان لەسەر ماوە تا منالّەكەش بەڕاستی ببێتەوە هی خۆمان !

( جیلّ منالّەكە كەمێك بە دلّتەنگی هەلّدەگرێ هەركە رۆشنایی لەسەر شانۆ دەكوژێتەوە . )

كۆتایی

........................................................................................

(1) مستەر سێیگ: دەزگایەكی پیشەسازییە و كەلوپەل بە قەرز دەداتە خەلّكی.

# لە کتێبە بڵاوکراوەکانی (د. ئازاد حەمە شەریف)

**أ- کتێبە دانراوەکان:**

1. *"The Breakdown of Family Relationships: A Study in Selected Plays of Arthur Miller and Tennessee Williams"*
"لێکترازانی پەیوەندیە خێزانیەکان: لێکۆڵینەوەیەکە لە شانۆییەکانی ئارثە ر میلـلەرو تێنیسی ویلیامز" نامەی ماجستێر بەزمانی ئینگلیزی – زانکۆی بەغدا، 1983.
2. بوونەوەرە هۆشمەندەکانی بۆشایی ئاسمان (لەگەڵ : د. ئیسماعیل موسا موراد) (1988).
3. دیوانی شیعری (گۆرانی کۆشی مەرگ)(1991).
4. نوێکار: بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی (لەگەڵ: رەوەند عەبدولقادر) چاپی یە کەم (2001) چاپی دووەم (2005).
5. *"Dystopia in Modern British Fiction: An Analytic Study of Wells's, Huxley's and Orwell's Novels"* (دیستۆپیا/دژەیوتۆپیا لە رۆمانی نوێ ی ئینگلیزی دا: لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریانەیە لە رۆمانەکانی وێلز و هەکسلی و ئۆروێڵ دا) نامەی دکتۆرا بەزمانی ئینگلیزی – زانکۆی کۆیە ، 2008.
6. گەمەکانی دەسەڵات (3) شانۆگەری هاوچەرخی کوردی (2009) .
7. شاکارنووسانی سەدەی بیستەم: ژ (1) (مەم). دەرچواندنی: ئازاد حەمە شەریف(2009) .
8. کوشتنی خەونەکان لە رۆژهەڵاتدا(2009).
9. شاکارنووسانی سەدەی بیستەم: ژ (2)(محەرەم محە مەد ئەمین). دەر چواندنی: ئازاد حە مە شەریف (2011) .
10. *Spotlights on Kurdish Folk Art (2012)*
11. شاکارنووسانی سەدەی بیستەم: ژ (3)(جەمیل سائیب). دەرچواندنی: ئازاد حە مە شەریف (2012) .

**ب- کتێبە وەرگێڕدراوەکان:**

1. مردنی دێوەرەیەك (نووسینی ئارثەر میلـلەر) چاپی یەکەم (1985) چاپی دووەم ( 2008).
2. وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی دا (نووسینی: جێمس جۆیس) چاپی یەکەم (1988) چاپی دووەم ( 2010).

3. شانۆیی (ماکبیث) (نووسینی: شێکسپیر) چ. یەکەم (2000) چ. دووەم (2008) چ. سێیەم (2010).
4. نامیلکەیەك بۆ کارمەندانی تەندروستی لە بنکە تەندروستیەکاندا ( لە ساڵی 2000 دا بۆ ڕێکخراوی قەندیل وەرگێڕدراوە)
5. شانۆیی (ڕۆمیۆو جۆلیێت) (شێکسپیر) چ. یەکەم (2000) چ. دووەم (2004) چ. سێیەم (2008) چ. چوارەم (2010).
6. پوختەیەك لە بیروباوەڕی زەردەشتی (ن: زێهنەر) چ. یەکەم (2000) چ. دووەم (2004).
7. جیهانی تازە ئاوا ئەبینرێت (دانانی:عەلی حسێن بەگی جاف) وەرگێڕان بۆ ئینگلیزی (2005)
8. وانەی کاری گەر: کۆ مەڵێك دۆکیومێنتی شێوازەکانی وانەگوتنەوەیە ، پەسندکراوی (*UNESCO*) یە. چ. یەکەم (2007) چ. دووەم (2008).
9. شانۆیی (هاملێت) (نووسینی: شێکسپیر) (2008) .
10. ڕۆمانۆکەی (ولگەی سزا) (نووسینی: فرانز کافکا) (2009).
11. شانۆیی (گیانەوەرە شووشەییەکان) (نووسینی : تێنیسی ویلیامز) (2009).
12. شانۆیی (ئیمپراتۆر جۆنز) (نووسینی: یوجین ئۆنیڵ) (2009).
13. ڕۆمانی (ئەوین لە وڵاتێکی لەتلەتکراودا) (نووسینی: جین ساسۆن) (2011).
14. شانۆیی (چۆنت پێخۆشە) (نووسینی: شێکسپیر) (2011).
15. شانۆیی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) (نووسینی: شێکسپیر) (2012).

**ج- ئەو کتێبە وەرگێڕدراوانەی کە پێیانداچۆتەوە:**

1. شانۆیی (بەتووڕەیی ئاوڕێك لە رابردوو بدەرەوە) ن: جۆن ئۆزبۆرن/ و: شێرزاد حەسەن (1986).
2. فەرهەنگی کۆمپیوتەر/ دانانی : ئیبراهیم حەمەڕەش (1999).
3. حلم خريفي / قصە: محمد مولود مم- ترجمە: شاکر امین کریم- گولان العربي (العدد-42-1999) ص ص 153-16
4. ڕۆمانی (ماڵئاوایی لە چەك) ن: ئێرنێست هێمینگوای / و: عەبدولخالیق ئەحمەد عەزیز (2002).
5. یاداشتەکانم لەکۆماری مەهاباد- دانانی: عەبدوڵلا پشدەری/ وەرگێرانی بۆ ئینگلیزی : سەلمان عەلی (2004).
6. شانۆیی (زمانی شاخ) ن: هارۆڵد پینتەر/ و: بەختیار سابیر حەمە (2006).

++++++++++++++++++++++++